# رێبەری یاسایی ئافرەتان

# لە هەرێمی کوردستانی عێراق

ئامادەکردنی بە زمانی عەرەبی: م.ئەڤین خالید

وەرگێڕانی بۆ زمانی کوردی: **هیوا إبراهیم حەیدەری**

رێکخراوی مەسەلله بۆ پەرەپێدانی توانامرۆییەکان

بەهاوکاری رێکخراوی هاریکار و رێکخراوی(IRC)

هەولێر – 2012

**ناوی پەرتووك: ڕێبەری یاسایی ئافرەتان لە هەرێمی کوردستانی عێراق**

**ئامادەکار: م.ئەڤین خالید**

**وەرگێڕانی بۆ زمانی کوردی: هیوا إبراهیم حەیدەری**

**دیزاینی بەرگ : هێرش مغدید**

**تیراژ:** 500 **دانە**

**چاپی دووەم** 2012

**بەخۆڕایی دابەشدەکرێت و نافرۆشرێت**

**ڕێکخراوی مەسەلله بۆ پەرەپیدانی توانا مرۆییەکان**

رێکخراوێکی ناحکومییە ناوخۆیی کۆمەڵگای مەدەنییە و لە حکومەتی هەرێمی و لەبەغدا بەفەرمی تۆمارکراوە، هەوڵدەدات بۆ پەرەپێدانی توانا مرۆییەکان بە بێ جیاوازی لە نێوان مرۆڤەکاندا و پابەندە بە بەها مرۆییەکانی کارکردنی رێکخراوە جیهانییەکان و پەیوەستە بە مافەکانی مرۆڤ و ئەخلاقیاتی کاری ناتوندوتیژی و داکۆکیکردن لە ئافرەتان و چینە پەراوێزەکانی کۆمەڵگا.

مەسەللە لەوەتەی دامەزراندنیەوە لە ساڵی 2004 لە ناوچەی جیاجیای عێراق و هەرێمی کوردستان راستەوخۆ کاریکردووەو و هەندێك جاریش بەهاوبەشی لەگەڵ رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی کاریکردووە لە چوارچێوەی گروپی ناتوندوتیژی عێراق کە مەسەللە دامەزرێنەرێتی.

لەوەتەی ساڵی 2007 وە لە بواری ئافرەتاندا کاردەکات و خزمەت بەقوربانیانی توندوتیژی خێزانی و توندوتیژی لەسەربنەمای جۆری کۆمەڵایەتی دەکات لەبواری یاسایی و کۆمەڵایەتی و پزیشکی و یارمەتی سەدان ئافرەتی داوە.

لەتەك پێشکەشکردنی ئەو خزمەتگوزارییانەدا کاری کردووە بۆ پەرەپێدانی توانای ئافرەتان و هوشیارکردنەوەیان،ئەم نامیلکەیەش وەك بەشێك لە ئەرکی هوشیارکردنەوە دەخاتە روو.

مەسەللە لەکاروانی کارکردنیدا، چەندین جار لەئاستی ناوخۆیی و دەرەکی رێزی لێنراوە. لەساڵی 2008 لەلایەن سەرۆکی حکومەتی هەرێمەوە

**(خەڵاتی شارستانی) پێ بەخشراوە،لەساڵی 2009 یش خەڵاتی وەزارەتی ڕۆشنبیری لەبواری کارکردن لەگەڵ ئافرەتاندا.**

**لەئاستی دەرەوەش لە وڵاتی ئیسپانیا خەڵاتی ئاشتی لە ساڵی 2007 وەرگرتووەو لە ساڵی 2011یشدا لە وڵاتی سویسرا یەکەم خەڵاتی سێرجیۆ دیمیلۆی پێ بەخشرا.**

**ئەم نامیلکەیە کە مەسەلله ئەرکی وەرگێڕان و چاپکردنی گرتۆتە ئەستووە لە بنەڕەتدا لەلایەن ڕێکخراوی "هاریکار"لەدهۆك ئامادەکراوەو بەهاوکاری ڕێکخراوی ( لیژنەی نێودەوڵەتی بۆ ڕزگاری ) ئامادەو چاپدەکرێت.**

# پێرست


| لاپەڕە | بابەت |
|---|---|
| 7 | بۆچی ئەم رێبەرە؟........................................ |
| 9 | یەکەم: مافەکانی ئافرەت لە دەستوری عێراقی ساڵی 2005 |
| 14 | دووەم: مافەکانی ئافرەت لە یاسای باری کەسێتی ژمارە (188)ی ساڵی 1959 وهەموارکارییەکانی وماددەکانی یاسای هەموارکردنی پیادەکردنی ژمارە (15)ی ساڵی 2008 |
| 55 | سێ یەم: یاسای مافی ژنی تەلاّقدراو لە نیشتەجێ بوونی ژمارە (77)ی ساڵی 1983ی بەرکار........................................ |
| 57 | چوارەم: مافی ئافرەت لە یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانیی لە هەرێمی کوردستان ژمارە (8)ی ساڵی 2011....... |
| 67 | پێنجەم: باری کەسێتیی ناموسوڵمانان........................ |
| 70 | سەرچاوەکان.................................................. |



## - بۆچی ئەم رێبەرە ؟

ئامانجی ئەم رێبەرە یاساییە بریتی یە لە رۆشەنبیرکردنی ئافرەتانی هەرێمی کوردستان بە مافەکانیان وبەرزکردنەوەی ئاستی زانیارییە یاساییەکانیان، لە بەر ئەوەی زانینی یاسا گرنگە بۆ هەموو تاکێك، نێرینە بێت یاخود مێیینە، چونکە لەم رێگەیەوە تاکە کەس بەماف وئەرکەکانی خۆی ئاشنا دەبێت، کە لە دەرئەنجامدا دەبێتە هۆی پاراستنی ئەو مافانە لە هەر پێشێلکارییەك بێت. بە لەبەرچاوگرتنی لاوازی ئاستی رۆشنبیری لای زۆربەی ئافرەتانی هەرێم، وپێنەزانین بەو مافانەی کە یاسا پێ ی بەخشیون، ئەم ئافرەتانە، چ لە چوارچێوەی خێزاندا، لە لایەن باوك یان دایك یان برا یان کوڕ یان کەسانی تری نزیك لەم ئافرەتانە، یاخود لە دەرەوەی چوارچێوەی خێزاندا، لە کار یان لە قوتابخانە یان زانکۆ یان هەر شوێنێکی تر، ڕووبەڕووی قۆزتنەوە وتوندوتیژی دەبنەوە.

لە بەر ئەم هۆیانەی سەرەوە وچەند هۆیەکی تر، بە باشمان زانی ئەم پەرتووکە سادەیە ئامادە بکەین وەك خزمەتێك بۆ ئافرەتانی هەرێمی وبەرزکردنەوەی رۆشنبیریی یاساییان وپاراستنیان لە هەر توندوتیژییێك ویان قۆزتنەوەیەك کە دووچاری دەبنەوە.

پەرلەمان، لە هەرێمی کوردستانی عێراق، چەندین یاسای دەرکردووە کە رۆلێکی بەرچاویان هەیە لە پاراستنی ئافرەتان، هەروەها هەندێك دەقی یاسایی نەگونجاو بە پێگەی ئافرەت لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا، هەڵوەشاندۆتەوە، هەروەها چەندین دەقی یاسایی نێو چەند یاسایەکی بەرکار لە هەرێمی کوردستان، بۆ بەرژەوەندی ئافرەتی، هەموار کردووە.

**لە رێگەی ئەم رێبەرە سادەیە، هەوڵ دەدەین چەند دەقێکی یاسایی گرنگ بۆ ئافرەتان بخەینەڕوو، کە لە (دەستوری عێراقی ساڵی 2005، ویاسای باری کەسێتی ژمارە (188)ی ساڵی 1959 بەرکار، ویاسای هەموار کردنی سەپاندنی ژمارە (15)ی ساڵی 2008، ویاسای مافی ژنی تەلاّقدراو لە نیشتەجێ بوونی ژمارە (77)ی ساڵی 1983، ویاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانیی ژمارە (8)ی ساڵی 2001) دا هاتوون، وئەو مافانەی بە ئافرەتان بەخشراوە لەم یاسایانەی سەرەوەدا روون بکەینەوە.**

**بەهیوای ئەوەی ئەم رێبەرە یاساییە شیاوترین رێنیشاندەر بێت بۆ رەوشەن کردنی ئافرەتان بە مافەکانیان، وپاڵنەرێك بێت بۆ داواکردن ودەستەبەر کردنی ئەم مافانە، لە کاتی دەستدرێژی کردنە سەریان یاخود لێسەندەوەیان یاخود بەرتەسکردنیان.**

**م.ئەڤین خالید**

## یەکەم: مافەکانی ئافرەت لە دەستوری عێراقی ساڵی 2005

دەستوری عێراق، لەو دەستورانەیە کە بە شێوەیەکی باش بابەتی مافەکانی مرۆڤ بە گشتی ومافەکانی ئافرەت بە تایبەتی، رێکخستووە، ئەمەش لە رێگەی چەندین دەقی سەپێنەری مافە مەدەنی وسیاسی وکۆمەلأیەتی وئابوری ورۆشنبیرییەکانی ئافرەت، بۆمان دەردەکەوێت.

دەستور گرنگیەکی بەرچاوی هەیە چونکە بەرزترین یاسایە لە ناو دەوڵەتدا، وشکۆمەندی هەیە لەسەر هەموو یاساکانی تر، بە شێوەیەك کە دامەزراوە یاسادانەر وجێبەجێکار ودادگەرییەکانی دەوڵەت پابەند دەکات بە رێزگرتن لە دەقەکانی وسەرپێچی نەکردنیان.

لە گرنگترین ئەو مافانەی کە ئەم دەستورە دەستەبەری کردوون:

1- (مادده 14ی دەستور): ئەم مادەیە جەخت دەکات لە سەر پرنسیپی یەکسانی لە نێوان هەموو عێراقیەك لە بەردەم یاسادا. یەکسانیش مانای ئەوەیە ئەو کەسانەی هەمان مەرجیان هەیە بە یەکسانی مامەڵەیان لە گەڵدا بکرێت، واتا هەمووان ملکەچی یەك یاسا دەبن بەبێ جیاکاری لە بەر هەر هۆیەك بێت.

2- (مادده 15ی دەستور): جەخت دەکات لە سەر مافی تاکە کەس لە ژیان وئاسایش وئازادی لە گەڵ گەرەنتی کردنی دانەنانی هیچ کۆتێك تەنها بە پێ ی یاسا نەبێت وبەپشت بەستن بە بڕیاری دەرکراو لە دادگایەکی تایبەتمەند، بە چاو پۆشین لە ڕەگەزی ئەم تاکە کەسە، چ پیاو بێت یاخود ئافرەت.

**3- (مادده 16ی دەستور): جەخت دەکات لە سەر مافی ئافرەت، وەك هەر تاکە کەسێکی تر، کە دەرفەتی کاری گونجاوی بۆ بڕەخسێت، ودەوڵەتیش پابەندە ڕێکاری پێویست، لە یاسا وپرۆژە ووەبەرهێنان، بگرێتەبەر، بەمەبەستی دابینکردنی هەلی کار بۆ تاکە کەسەکان ودەستەبەر کردنی هاوهەڵی (تکافؤ الفرص) بۆ هەمووان.**

**4- (مادده 17ی دەستور): جەخت دەکات لەسەر مافی هەموو تاکێك کە خاوەن تایبەتمەندی کەسێتی خۆی بێت، لەوەی کەوا ئازاد بێت لە ماڵ وژیانی تایبەتی خۆی بە بێ دەست تێوەردان وگوێ ڕاگرتن لە لایەن کەسانی ترەوە.**

**5- (مادده 18ی دەستور): جەخت دەکات لە سەر مافی هەموو تاکێك لە وەرگرتنی ڕەگەزنامە تاوەکو ببێتە هاوڵاتی وئاشنا بێت بە جیاوکەکانی هاوڵاتیبوون ودەرئەنجام ئاشنا بێت بە هەموو مافە سیاسی ومەدەنی ومافەکانی تر. ئەم دەستورە هەر کەسێك لە باوکێکی یان دایکێکی عێراقی لە دایك بوو بێت بە عێراقی داناوە.**

**ئەم ماددەیە، یەکێکە لەو ماددانەی کە مافی بۆ ئافرەتان گەڕاندۆتەوە ویەکسانی کردووە لە گەڵ پیاودا، چونکە دەستوری پێشوو، دەقی کردبوو کەوا ئەو کەسە مافی وەرگرتنی ڕەگەزنامەی عێراقی هەیە، کەوا تەنها لە باوکێکی عێراقی لە دایك بوو بێت. بەڵام ئەم دەستورە (دەستوری ساڵی 2005) یەکسانی کردووە لە نێوان پیاو وئافرەتدا، ومافی داوەتە هەر کەسێك کە لە باوکێك یان دایکێکی عێراقی لە دایك بوو بێت، ببێتە خاوەن ڕەگەزنامەی عێراقی. هەروەها مۆڵەتی فرەرەگەزنامەی داوە،**

جگە لەو کەسانەی کەوا پۆستی سەروەریی لە دەوڵەتدا وەردەگرن، وەك سەرۆکی دەوڵەت ووەزیر وپۆستە سەروەرییەکانی تر، ئەوا دەبێت تەنها خاوەن رەگەزنامەی عێراقی بن.

6- ئەم دەستورە، بە دەقی ئاشکرا، جەخت دەکات لە سەر ئاشنا بوونی ئافرەت بە هەموو مافە سیاسیەکانی وەك مافی هەڵبژاردن وخۆپاڵاوتن ووەرگرتنی پۆستی گشتی (مادده 20ی دەستور). ئەم مادەیەش گرنگیەکی زۆری هەیە، چونکە لە رێگەیەوە، یاسادانەر جەخت دەکات لەسەر گرنگی بەشداری ئافرەت لە بونیاتنانی کۆمەڵگەدا، وهەوڵێکە بۆ سنووردار کردنی ئەو داب ونەریتە چەوتانەی کە وای بۆ دەچن شوێنی ئافرەت تەنهاماڵە، کەچی ئافرەت، شان بە شانی پیاو، رۆڵی هەیە لە بونیاتنانی دەوڵەت ودیاری کردنی چارەنووسی سیاسی وئابوری وکۆمەڵایەتی، لە رێگەی هەڵسان بە مافە سیاسیەکانی لە بەشداری کردن لە هەڵبژاردنەکان وخۆپاڵاوتن بۆ پۆستە گرنگەکانی دەوڵەت ووەرگرتنی پۆستی گشتی.

7- (مادده 22ی دەستور): جەخت دەکات لە سەر مافی کارکردن بۆ هەموو عێراقییێك، بە جۆرێك کە ژیانێکی ئازاد وئاسوودەیان بۆ گەرەنتی بکات. ئەم مافەش لە مافە گرنگەکانی ئافرەت هەژمار دەکرێت، چونکە ئافرەت بەشێکی گرنگە لە دەستی کار، واتە سامانێکی ئابوری گرنگە، سەرباری ئەوەی کارکردن سەربەخۆییەکی زیاتر بە ئافرەت دەبەخشێت، چونکە لە رێگەیەوە ئافرەت داهاتێکی سەربەخۆی دەبێت بۆ دابین کردنی پێداویستییە تایبەتیەکانی وتوانای دەبێت یارمەتی خێزانەکەی بدات.

**8- (مادده 29ی دەستور): جەخت دەکات لە سەر گرنگی خێزان وبە بنەمای گۆمەلگەی هەژمار کردووە، وگەرەنتی داوە کە دەوڵەت هەڵبستێت بەو کارە پێویستانەی پاراستنی دایکایەتی ومنالآیەتی وبەسالآچووان، هەروەها جەختی کردووە لە سەر مافی منالەکان لە پەروەردە وچاودێری وفێربوون، وقەدەغەکردنی قۆزتنەوەی ئابوری منالآن لە ڕێگەی کارپێکردنی نایاسابیان، ودەستور دەقی کردووە لە سەر قەدەغە کردنی هەموو شێوازەکانی توندوتیژی وڕەقی لە ناو خێزان وقوتابخانە وکۆمەلگەدا.**

**9- (ماددەکانی 30، 31، 32 لە دەستور): جەخت دەکەن لە سەر مافی ئافرەت ومندالْ بە شێوەیەکی تایبەت، لە بیمەی کۆمەلآیەتی وچاودێری تەندروستی بە مەبەستی دابین کردنی ژیانێکی ئاسوودە بۆیان.**

**10- (مادده 34 لە دەستور): جەخت دەکات لە سەر مافە رۆشنبیرییەکان بۆ هەموو هاولآتییێکی عێراقی، وهەروەها فێرکردن بنەمانی پێشکەوتنی کۆمەلگەیە وزۆرەکی دەبێت لە قۆناغە سەرەتاییەکان، ودەوڵەت بەرەنگاربوونەوەی نەخوێندەواری گەرەنتی دەکات، وفێرکردن بەخۆراییە لە گشت قۆناغەکان، وتوێژینەوەی زانستی وپێشکەوتن وفێرکردنی تایبەت وئەهلی، هاندەدات.**

**11- (ماددەکانی 37، 38، 40، 41، 42، 43، 45، 46 لە دەستور): جەخت دەکەن لە سەر چەندین ئازادی کە هەمووان بە بێ جیاکاری ئاشنای دەبن، لە وانە ئازادی کەسێتی وبیرکردنەوە وسیاسی وئایینی، وئازادی رۆیشتن وگەشت کردن وئازادی تر، هەروەها دەستور جەخت دەکات لە سەر**

ڕێگە نەدان بە کۆتکردنی ئاشنا بوون بە هیچ لەم ماف وئازادییانەی باسکراون، تەنها بە یاسا نەبێت، یان بە پشت بەستن بە یاساوە بێت، بە مەرجێك ئەم کۆت کردنە کرۆکی ماف یاخود ئازادییەکە نەپێکێت.

12- لە مادده گرنگەکانی دەستور مادده (49)یە، کە ڕێگەی لە بەردەم ئافرەت والاّ کردووە بۆ ئەوەی بوونی خۆی، لە ڕێگەی بەرزترین دامەزراوی دەوڵەت، کە پەرلەمانە، بسەلمێنێت. چونکە دەستور ئەمەی سەپاندووە کە نابێت نوێنەرایەتی ئافرەت لە ئەنجومەنی نوێنەران لە چارێگی (4/1) ئەندامان کەمتر بێت. بە پێ ی بیرۆکەی پێچەوانەیی، دەگەینە ئەو ئەنجامەی کەوا بە پێ ی دەستور ئەم ڕێژەیە دەکرێت زیاد بکرێت، بەلاّم ناکرێت کەم بکرێت.

یاسادانەریش لە هەرێمی کوردستانی عێراق، کارێکی باشی کردووە، بە بەرزکردنەوەی ڕێژەی بەشداری ئافرەت لە پەرلەمانی کوردستان بۆ (30٪)ی کۆی گشتی کورسیەکانی پەرلەمان، لە گەڵ هێنانە خوارەوەی تەمەنی خۆپالاّوتن بۆ (25) ساڵ، ئەو ڕێژانەشی سەپاندوە بە پێ ی سیستەمی کۆتا، کە لە سەر بنەمای دیاری کردنی ڕێژەیەکی دیاری کراو بۆ ئافرەتان لە پێگەکانی دروست کردنی بڕیار لە ناو دەوڵەتدا، بونیاتنراوە.

لە ڕێگەی ئەم مادده دەستورییانەی کە باسمان کردوون، تێبینی دەکەین کەوا یاسادانەری دەستوری لە چەندین مادده دا جەخت دەکات لە سەر گرنگی ئافرەت ورۆڵی لە بونیاتنانی کۆمەڵگە وگرنگی پێگەیاندن وپاراستنی لە ڕێگەی جەخت کردن لە سەر پرنسیپی یەکسانی لە بەردەم یاسادا بۆ هەمووان بە بێ جیاکاری.

**دووەم: مافەکانی ئافرەت لە یاسای باری کەسێتی ژمارە (188)ی ساڵی 1959 وهەموارکارییەکانی، وماددەکانی یاسای هەموارکردنی پیادەکردنی ژمارە (15)ی ساڵی 2008:**

**مەبەست لە زاراوەی باری کەسێتی ئەو کۆمەڵە تایبەتمەندیە سروشتی وخێزانیەیە کە مرۆڤ لە شتی تر جیا دەکاتەوە، ویاسا ئاسەواری لە سەر ژیانی کۆمەڵایەتی ئەو مرۆڤەدا بونیاتناوە، ئەم مرۆڤە چ نێرینە بێت یاخود مێینە، مێرد/ ژن بێت، یان بێوەمێرد/بێوەژن بێت، یان تەڵاقدراو بێت، یان باوک/دایک بێت.**

**لەم بڕگەیەدا هەوڵ دەدەین تیشک بخەینە سەر چەند مافێك لە مافەکانی ئافرەت لە هەرێمدا، کە لە یاسای باری کەسێتی بەرکاردا هاتوون، لە گەڵ حوکم وماددەکانی یاسای هەموارکردنی پیادەکردنی ژمارە** (15)ی **ساڵی** 2008.

**یاسای باری کەسێتی لە یاسا هەرە گرنگەکانە بۆ ئافرەتان، چونکە لە ڕێگەی ئەم یاسایەدا ئافرەت دەتوانێت ئاشنایی پەیدا بکات لە گەڵ حوکمە یاساییە پەیوەستەکان بە پرسە گرنگەکانی ژیانی کەسێتی خۆی، وەك دەستگیرانکردن وشووکردن ومارەیی وخەرجی وتەڵاق ولەدایك بوون وڕەچەلەك وشیرپێدان وپێسپێردان ومیرات، وشتی تر. ئێمەش لە ڕێگەی ئەم خستنەڕووە سادەیەوە هەوڵ ئەدین ئاماژە بکەین بە گرنگترین ئەم حوکمانە، بەپێ ی ئەم دابەشکردنەی خوارەوە:**

## 1- دەستگیرانکردن:

قۆناغێکە پێش قۆناغی هاوسەرگیری، واتا قۆناغێکی ڕێگەخۆشکەرە تیایدا هەردوو لایەن (کچ وکوڕ) بە شێوەیەکی باش، بەر لە شووکردن، یەکتری دەناسن. ئەم قۆناغەش بە خوێندنەوەی سورەتی فاتحە بەستراوەتەوە. ئەم قۆناغە پابەندکراو نیە بۆ هەردوو لایەن، چونکە گەر لە سەر هەندێك شت پێك نەهاتن، بۆ هەر یەکێکیان هەیە دەستگیرانکردنەکە کۆتایی پێ بێنن، بە بێ ئەوەی ئاسەوارێکی یاسایی یاخود ئایینی بەرچاوی لێ بکەوێتەوە، جگە لەوەی کە کچەکە ئەو دیارییانەی لە کوڕەکەی وەرگرتوون دەبێت بۆی بگەڕێنێتەوە. بەڵام ئەگەر هەر دوو لایەن پێکهاتن لە سەر پێکەوە بەردەوام بوون، ئەوا دەبێتە هەنگاوێك بەرەو بەستنی گرێبەستی هاوسەرگیری.

## 2- هاوسەرگیری:

بریتی یە لە گرێبەستێکی ڕەزامەندکاری نێوان پیاو وئافرەت، بەهۆیەوە هەردووکیان بۆ یەکتر بە شێوەیەکی شەرعی ڕەوا دەبن، بەمەبەستی پێکهێنانی خێزان لە سەر بنەمای خۆشەویستی ومیهرەبانی وبەرپرسێتی هاوبەش، بە پێ ی حوکمەکانی ئەم یاسایە (مادده 3ی یاسای باری کەسێتی).

**ئەم پێناسەیە لە یاسای باری کەسێتی بەرکاردا هاتووە، کە جەخت دەکات لە سەر ئەوەی هاوسەرگیری گرێبەستێکە لە نێوان پیاو وئافرەت بنەماکەی ڕەزامەندکارییە، واتە رازی بوونی هەردوو لایەن مەرجە بۆ دروستی هاوسەرگیری. هەروەها ئافرەتەکە لە ڕووی شەرعەوە لە پیاوەکە حەرامکراو نەبێت، وە دەشێت بۆ پیاوی موسڵمان ئافرەتی کتابی (خاوەن پەرتووك) بهێنێت، وناشێت ئافرەتی موسڵمان بە کەسی ناموسڵمان شوو بکات. هەروەها پێویستە ڕازی بوونەکە هاوتەریب بێت لە گەڵ خستنەڕووەکە، واتا ڕازی بوونی هەردوو لایەن لە سەر هاوسەرگیری، وبە ئامادەبوونی دوو گەواهیدەری خاوەن لێهاتەی یاسایی، واتا دەبێت کەسی گەواهیدەر تەمەنی (18) ساڵی تەواو کردبێت. ژن بۆی هەیە داوای هەڵوەشانەوەی گرێبەستی هاوسەرگیری بکات ئەگەر پیاوەکەی پابەند نەبێت بەو مەرجانەی نێو گرێبەستی هاوسەرگیری کە پێیانەوە پەیوەست بووە. هەروەها ژن بۆی هەیە، لە کاتی بەستنی گرێبەستی هاوسەرگیریدا، مەرج لەسەر پیاوەکەی دابنێت کەوا تەلاقدانی پێ بسپێرێت، واتە دەکرێت ژن خۆی پیاوەکەی تەلاق بدات ئەگەر هاتوو لە گرێبەستی هاوسەرگیریدا ئەم مەرجەی دانابوو، ئەمەش بەدەرە، چونکە لە بنەڕەتدا تەلاقدان مافی پیاوە (ماددەکانی 4، 5، 6، 7، 8، 12، 17ی یاسای باری کەسێتی).**
**حوکمەکانی هاوسەرگیری لەم بڕگانەی خوارەوە دەخەینەڕوو:**

## أ- مەرجەکانی هاوسەرگیری:

**مەرجە بۆ بەستنی گرێبەستی هاوسەرگیری:**

1- ئافرەتەکە، لە ڕووی شەرعەوە، لە پیاوەکە حەرامکراو نەبێت. سەبارەت بە پیاو حەرامکراوی هەتاهەتایی هەیە، کە هەر لە بنەڕەتدا بۆ پیاو ناشێت بیانهێنێت. واتە لە سەری حەرامکراوە هاوسەرگیرییان لە گەڵدا بکات. بۆ نموونە بۆی نیە لە گەڵ کچەکەی، خوشکی، دایکی، پلکی، وهی تر، هاوسەرگیری بکات. هەروەها لە سەر پیاو حەرامکراوی کاتیش هەیە، ئەگەر هۆی حەرام کردنەکە نەمێنێت ئەوا دەشێت پیاوەکە هاوسەرگیرییان لە گەڵدا بکات. نموونەی حەرامکراوە کاتییەکان ئەوەیە ئەگەر ئافرەت ژنی کەسێکی تر بێت، یان لە ماوەی عدەی لێکجیابوونەوەدا بێت بە هۆی مردن یاخود تەلاقدان یاخود لێکجیاکردنەوەی دادگەریی، وحاڵەتی تر.

2- دەشێت پیاوی موسڵمان ئافرەتی کتابی بهێنێت، بەلاّم ناشێت ئافرەتی موسڵمان بە کەسی ناموسڵمان شوو بکات. مەبەست لە ئافرەتی کتابی بریتی یە لە ئافرەتی موسڵمان یان مەسیحی یان جولەکە، جگە لە مانە ئافرەتی تر شیاو نابێت بۆ بەستنی هاوسەرگیری.

3- پێویستە ڕازی بوونەکە هاوتەریب بێت لە گەڵ خستنەڕووەکە، واتە ڕازی بوونی هەردوو لایەن لە سەر هاوسەرگیری.

4- ئامادەبوونی دوو گەواهیدەری خاوەن لێهاتەی یاسایی، كە تەمەنی (18) ساڵیان تەواو كردبێت، بۆ گەواهیدان. ولەمەشدا ئافرەت وپیاو یەكسانن.

5- ژن بۆی هەیە داوای هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستی هاوسەرگیری بكات ئەگەر هاتوو پیاوەكەی پابەند نەبێت بە مەرجەكانی نێو گرێبەستەكە. هەروەها ژن بۆی هەیە، لە كاتی بەستنی گرێبەستی هاوسەرگیریدا، مەرج دانێت لە سەر پیاوەكەی، كە بە تەڵاقدان بیسپێرێت، واتا ژنەكە مافی هەبێت پیاوەكەی خۆی تەڵاق بدات، ئەویش ئەگەر لە گرێبەستی هاوسەرگیریدا ئەم مەرجە دانرابێت، ئەمەش بەدەرە، چونكە لە بنەڕەتدا تەڵاقدان مافی پیاوە.

6- ژن بۆی هەیە، لە گرێبەستی هاوسەرگیریدا، مەرج دابنێت كەوا پیاوەكەی ژنی بەسەردا نەهێنێت.

**ب- ژنی دووەم:**

لە بنەڕەتدا پیاو بۆی هەیە یەك ژن بهێنێت، بەڵام یاسا وشەرع رێگەیان پێداوە، زیاتر لە یەك ژن بهێنێت، ئەمەش لە چەند حاڵەتێكی دیاری كراودا. یاساش رێگەی بەمە داوە بە مەرجێك مۆڵەتی دادوەر

وەربگیرێت. دادوەریش ئەم مۆڵەتە نادات تاوەکو کۆمەڵێك مەرجی دیاری کراو نەهێنە دی. ئەم مەرجانەش بریتین لە:

أ- ڕازی بوونی ژنی یەکەم لە سەر ژن بەسەرهێنانی لە بەردەم دادگادا.

ب- نەخۆشی درێژخایەنی سەلمێندراو ورێگر لە پێکەوەژیانی هاوسەرێتی، کە هیوای چاکبوونەوەی نیە، یاخود حاڵەتی نەزۆکی ژنەکە کە سەلمێنراو بێت بە راپۆرتی لێژنەیەکی تەندروستی تایبەتمەند.

ج- ئەو پیاوەی داوای هێنانی ژنی دووەم دەکات، دەبێت توانای دارایی پێویستی هەبێت بۆ دابین کردنی بژێوی زیاتر لە یەك هاوسەر، وە پێویستە ئەمەش بە بەڵگەنامەی فەرمی، لە کاتی هەڵسان بە ڕێکارەکانی هاوسەرگیری، بسەلمێنرێت.

د- پیاوەکە لە بەردەم دادگا وپێش بەستنی گرێبەستی هاوسەرگیری دەبێت بەڵێننامەیەکی نووسراو پێشکەش بکات کەوا دادپەروەی لە نێوان هەردوو هاوسەرەکەیدا، لە گشت ئەرکە ماددی ومەعنەوییەکانی هاوسەرگیریدا، دەستەبەر دەکات.

ه- نابێت ژنەکە مەرجی ژن بەسەرهێنانی لە گرێبەستی هاوسەرگیریدا دانابێت، چونکە ئەگەر، لە کاتی بەستنی گرێبەستی هاوسەرگیریدا، ژنەکە مەرجی ژن بەسەرنەهێنانی

دانابێت، ئەو کاتە پیاوەکەی ناتوانێت ژنی بەسەردا بهێنێت (مادده 3 لە یاسای باری کەسێتی).

لەوەی سەرەوە، بۆمان دەردەکەوێت، کەوا پیاو ناتوانێت ژنی تر بهێنێت تەنها بە مۆڵەتی دادوەر نەبێت، دادوەریش ئەم مۆڵەتە نادات تاوەکو هەموو ئەو مەرجانەی، کە لە سەرەوە باسمان کردن، پێکەوە نەهێنە ئاراوە. ئەگەر پیاویش سەرپێچی ئەم مەرجانەی سەروە بکات وژنێکی تر بهێنێت، ئەوا سزا دەدرێت بە بەندکردن بۆ ماوەیەك (نابێت لە شەش مانگ کەمتر ولە ساڵێك زیاتر بێت)، وبە بژێرێکیش (کە بڕی دە ملیۆن دینارە) حوکم دەدرێت.

خوای گەورە، بەرزترین ئاستی فرەژنی بە چوار ژن دیاری کردووە، تاوەکو ڕێگر بێت لە زێدەڕۆیی کە شەرع وعەقڵ لە گەڵیدا نین، بۆیە لە قورئانی پیرۆزدا فەرمان کراوە پیاو تەنها یەك ژن بهێنێت ئەگەر فرەژنی ببێتە هۆی زوڵم کردن لە مافی ژنی یەکەم (ژنی گەورە)، یاخود ژنی دووەم، یاخود هەردووکیان.

## ج- هاوسەرگیری بە زۆرەملێ:

مەرجە بۆ بەستنی هاوسەرگیری هەردوو لایەن (پیاو وئافرەت) رەزامەندی دەربڕن، واتە پێویستە هەردوو لایەن بە ویستی ئازادی خۆیان بەبێ زۆرەکی رازی بن لە سەر بەستنی هاوسەرگیریدا. چونکە کەس بۆی نیە، چ لە خزمە نزیکەکان بێت یاخود لە کەسانی تر، کەسێکی تر، نێرینە بێت یاخود مێیینە، ناچار بکات بە بەستنی هاوسەرگیری بەپێچەوانەی ویستی خۆی. بۆیە گرێبەستی هاوسەرگیری بە زۆرەملێ پووچەڵە (باطل) ئەگەر پێش چوونە لای یەکتری بێت (واتە پیاوەکە نەچۆتە لای ژنەکە)، بەڵام ئەگەر دوای چوونە لای یەکتر بێت، ئەوا گرێبەستەکە راوەستاو دەبێت لە سەر مۆڵەتی ئەو کەسەی زۆرەملێی لێکراوە. لەم حاڵەتەش، یاسا کەسی سەرپێچیکار سزا دەدات بە بەندکردن بۆ ماوەیەك (نابێت لە دوو ساڵ کەمتر ولە پێنج ساڵ زیاتر بێت، ئەگەر کەسە نزیکەکە لە پلەی یەکەم بێت، وەك باوك، بەڵام ئەگەر کەسی سەرپێچیکار، لە پلەکانی تر بێت جگە لە پلە یەك، ئەوا ماوەی سزای بەندکردنەکە نابێت لە (سێ ساڵ) کەمتر بێت، ونابێت ماوەی سزای زیندانی کردنی لە دە ساڵ زیاتر بێت (مادده 9ی یاسای باری کەسێتی).

هەروەها بۆ پاراستنی مافی لایەنەکان، بە تایبەتیش مافی ئافرەت، پێویستە گرێبەستی هاوسەرگیری لە دادگای تایبەتمەند تۆمار بکرێت. وە ئەگەر گرێبەستی هاوسەرگیری تۆمار نەکرێت، ئەوا لایەنی سەرپێچیکار بە بژێرێك کە بڕەکەی لە نێوان یەك ملیۆن تا سێ ملیۆن دینارە سزا دەدرێت (مادده دە لە یاسای باری کەسێتی).

## د- پایەكانی گرێبەستی هاوسەرگیری:

**مەرجە بۆ دروستیی گرێبەستی هاوسەرگیری، ئەم پایانەی خوارەوە بێنە ئاراوە:**

**أ- خستنەڕوو لە لایەن یەكێكیان وڕازی بوون لە لایەن ئەوەی تر.**

**ب- هەردوو لایەن گوێ بیستی قسەكانی یەكتر ببن، وبزانن مەبەست لە قسەكان بەستنی گرێبەستی هاوسەرگیرییە.**

**ج- رازی بوونەكە هاوتەریب بێت لە گەڵ خستنەڕووەكە (واتە رەزامەندی هەردوو لایەن).**

**د- گەواهیدانی دوو گەواهیدەری خاوەن لێهاتەی یاسایی، چ پیاو بێ یاخود ئافرەت.**

**ه- لێهاتەی هەردوو هاوسەر بۆ بەستنی گرێبەستی هاوسەرگیری، كە تەواوكردنی تەمەنی هەژدە (18)ساڵییە، وە بەدەر لەمە، هەر كەسێك تەمەنی شازدە (16) ساڵی تەواو كردبێت، بۆی هەیە هاوسەرگیری ببەستێت، بە مەرجێك دادوەر مۆڵەتی بدات، هەروەها ئەوەی تەمەنی پازدە (15) ساڵی تەواو كردووە بۆی هەیە، لە حاڵەتی زەروڕەتدا، داوای مۆڵەت بكات لە دادوەر بۆ بەستنی هاوسەرگیری. هەروەها ئافرەت مافی هەیە، لە گرێبەستی هاوسەرگیریدا، مەرج دابنێت لە سەر پیاو، كەوا مافی تەڵاقدان بە دەست خۆی بێت. وە ئافرەت مافی هەیە داوای**

هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستەکە بکات، لە کاتی پابەند نەبوونی پیاوەکەی بەو مەرجانەی کە ئافرەتەکە دایناوون لە گرێبەستی هاوسەرگیریدا.

## هـ- تۆمارکردن وسەلماندنی هاوسەرگیری:

گرێبەستی هاوسەرگیری لە دادگا تۆمار دەکرێت، بۆ گەرەنتی کردنی مافی هەردوو لایەن، بەتایبەتیش مافی ئافرەت. رێکارە پێویستەکانی تۆمارکردنی گرێبەستی هاوسەرگیری، بریتین لە:

أ- پێشکەش کردنی داواکارییەکی نووسراو کە ناسنامە وتەمەنی هەردوو لایەن وبڕی مارەیی ونەبوونی رێگری شەرعی لە بەستنی هاوسەرگیریدا، لەخۆوە گرتبێت، ولە لایەن هەردووکیانەوە واژوو کرابێت، ولە لایەن هەڵبژێردراو (مختار)ی گەرەك یاخود گوند، یاخود دوو کەسی شایستە لە دانیشتوانی، تۆمار بکرێت.

ب- نووسراوەکە هاوپێچ دەکرێت لە گەڵ راپۆرتی لیژنەی تەندروستی تایبەتمەند، کە پشتگیری بێوەیی هەردوو لایەن بکات لە نەخۆشی ئایدز ورێگرە تەندروستیەکانی تر.

ج- ئەو شتانەی لە نێو نووسراوەکەدا هاتوون لە تۆمارێك دەنووسرێتەوە، وبە ئامادەبوونی دادوەر هەردوو لایەن واژووی

**دەکەن، وکۆپیەك لە بەڵگەنامەی هاوسەرگیری دەدرێتە هەردوو لایەنی گرێبەستەکە.**

**(هەر عێراقییێك لە دەرەوەی دادگا گریبەستی هاوسەرگیری ببەستێت، ئەوا بە بژێرێك کە بڕەکەی لە نێوان یەك ملیۆن تا سێ ملیۆن دینارە سزا دەدرێت).**

**تێبینی: داواکانی باری کەسێتی لە بەردەم دادگای باری کەسێتی تایبەتمەند پێشکەش دەکرێن، کە بریتی یە لە دادگای شوێنی بەستنی گرێبەستی هاوسەرگیری یاخود دادگای شوێنی دانیشتنی داوالێکراو.**

## هێلکارییەکی روونکەرەوە بۆ تۆمارکردنی گرێبەستی هاوسەرگیری



## 3- مــــــارەیی:

**ئەو شتەیە کە پیاو پێشکەشی ئافرەتی دەکات وەك بەڵگەیەك لە سەر ویستی بەستنی هاوسەرگیری لە گەڵیدا. حوکمەکانی مارەیی لە ماددەکانی (19، 20، 21، 22)ی یاسا باری کەسێتی رێکخراون. بە پێ ی ئەم حوکمانە، ئەو مارەییە ناونراوەی نێو گرێبەستی هاوسەرگیری دەبێتە مافی ئافرەت، وە ئەگەر هیچ مارەییەك دیاری نەکرا بێت لە گرێبەستەکەدا، ئەوکاتە ژنەکە مافی مارەیی هاوتای دەبێت، واتا مارەیی ژنە هاوتاکانی ئەو، کە باری کۆمەڵایەتیان لەو نزیکە. مارەیی لەوانەیە پێشەکی بێت، واتە مارەییەکە پێش شووکردن دەدرێت، وە لە وانەیە مارەییەکە دواخراو بێت، واتە دوای شووکردن دەدرێت. لە وانەشە بەشێکی مارەییەکە پێشەکی بێت وبەشەکەی تری دواخراو بێت، ئەم حاڵەتەش لای ئێمە باوە. ئافرەت، دوای ئەوی پیاوەکەی دەچێتە لای، مافی تەواوی مارەییەکەی دەبێت لە حاڵەتی کۆچی دوایی پیاوەکەی یاخود تەڵاقدانی، وە لە کاتی نەچوونە لای ئافرەتەکە ئەوا مافی نیوەی مارەیی ناونراوی نێو گرێبەستی هاوسەرگیری دەبێت لە کاتی تەڵاقدانی دا.**

## 4- خەرجی:

**خەرجی، لە ڕووی زاراوەییەوە، بەوە پێناسە دەکرێت کە بریتی یە لەو شتانەی کە مرۆڤ بۆ خێزان ومناڵ وبنەچەکان، یاخود کەسانی تر، کە ئەرکە خەرجیەکانیان لە ئەستۆ بگرێت، خەرجی دەکات. کەواتە خەرجی**

ئەو ماڵە سەپاوەی سەر کەسێکە بە پێ ی هاوسەرگیری وخزمایەتی. ئافرەت بەرپرسە بەرامبەر پیاوەکەی، بۆیە دەبێت پیاوەکە خەرجیەکانی لە ئەستۆ بگرێت. خەرجیەکانیش هەموو کاروباری خواردن وخواردنەوە ونیشتەجێبوون وشتی تر دەگرێتەوە. واتە خەرجیەکانی ئافرەت ئەرکە لەسەر پیاوەکەی. لە حاڵەتی باش گوزەرانی ئافرەتەکە (واتا باری دارایی ئافرەتەکە باش بێت)، ئەوا بەرپرسیارێتیان هاوبەش دەبێت ئەگەر ئافرەتەکە رەزامەندی دەرببڕێت ورازی بێت خەرجیەکانی خۆی لە ئەستۆ بگرێت، چونکە لە بنەڕەتدا خەرجیەکانی ئافرەت لە ئەستۆی پیاودایە، ئەم پیاوە هەژار بێت یاخود دەوڵەمەند، وئافرەتەکەش دەوڵەمەند بێت یاخود هەژار. ئەگەر پیاو خەرجیەکانی هاوسەرەکەی لە ئەستۆ نەگرێت، ئەوا لە رێکەوتی ئەو رۆژەی کە هەڵناستێت بەخەرج کردنیان، ئەم خەرجیانە دەبنە قەرز لە ئەستۆی پیاوەکە. هەروەها خەرجیەکانی ئافرەت، کە لە ئەستۆی پیاوەکەی دان، بە پێ ی باری دارایی هەردووکیان، لە ڕووی باش گوزەرانی وخراپ گوزەرانی، دەخەملێنرێت. ئەگەر باری دارایی هەردوو هاوسەرەکە گۆڕانی بەسەر داهات، یاخود گۆڕانێك لە نرخەکان لە ولأتدا ڕوویدا ئەوا دەشێ خەرجیەکان زیاد وکەم بکرێن. ئەگەر پیاو هاوسەرەکەی خۆی بەبێ خەرجی بەجێهێشت لە بەر هۆیەکی دیاری کراودا، ئەوا دادوەر حوکم دەدات بە پێدانی خەرجیەکانی ئافرەت، ئەوسا سندوقی چاودێری کۆمەلأیەتی ئەم خەرجیە دیاری کراوە دەداتە ئافرەتەکە (بڕوانە: ماددەکانی 23، 24، 27، 29 لە یاسای باری کەسێتی).

## مەرجەکانی لە ئەستۆگرتنی خەرجیەکانی هاوسەر:

1. هاوسەرگیرییەکە دروست ورەوا بێت.
2. ژنەکە ناشیزە نەبێت.
3. توانای دارایی پیاو، ئەگەر هەژار وبێ توانا بێت لە کار کردن، ئەوا خەرجیەکانی هاوسەرەکەی لە ئەستۆ ناگرێت. بەڵام هەندێك زانا ویاسازان دەڵێن پیاو لە هەموو حاڵەتێکدا خەرجیەکانی هاوسەرەکەی لە ئەستۆ دەگرێت.

## جــۆرەکانی خەرجی:

أ- خەرجی دەکەوێتە ئەستۆی پیاو کاتێك هاوسەرەکەی لە ئەستۆی ئەو دایە، چونکە پیاو پابەندە بە خەرجیەکانی خێزان ومناڵەکانی.

ب- خەرجی دەکەوێتە ئەستۆی پیاو لە دوای تەڵاقدانی خێزانەکەی، وە ئەگەر مناڵیشیان هەبوو، ئەوا خەرجی مناڵەکانیش، لە دوای تەڵاق ولێکجیاکردنەوە، دەکەوێتە ئەستۆی پیاوەکە.

ج- خەرجی رێژەیی، بریتی لە خەرجی بنەچە ولق وکەسوکارەکان، کە هۆکاری شەرعی ویاسایی پێوە پابەندبوونیان بریتی یە لە بوونی ڕەچەلەکەی شەرعی لە نێوانیاندا.

## ڕێساکانی خەرجی ڕێژەیی بە پێ ی یاســـــا:

1- ئەگەر منداڵ سەروەت وسامانی نەبوو ئەوا خەرجیەکانی دەکەوێتە ئەستۆی باوکی، تەنها ئەگەر باوکەکە هەژار وبێ توانا بێت لە خەرج کردن وبژێو دەستکەوتن.

2- خەرجیەکانی منداڵ بەردەوام دەبێت تاوەکو مێیینە شوودەکات وتاوەکو نێرینە دەگاتە ئەو ئاستەی کە هاوتەباکانی ئەو دەستکەوتی خۆیان دەبێت، تەنها مەگەر قوتابی نەبێت.

3- کوڕە گەورەی بێ توانا لە بژێو دەستکەوتن لە حوکمی کوڕی بچووك دایە.

4- ئەگەر باوك بێ توانا بوو لە خەرج کردن ئەوا خەرجیەکانی منداڵ دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی جێگرەوەی باوکە لە کاتی نەبوونی باوك.

5- کوڕی گوزەران باش، گەورە بێت یاخود بچووك، خەرجیەکانی دایك وباوکی هەژاری دەکەوێتە ئەستۆ.

6- خەرجیەکانی هەر هەژارێکی بێ توانا لە بژێو دەستکەوتن، دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسوکارە گوزەران باشە نزیکانەی، کە میراتی لێ دەگرن، بە پێ ی بڕی میرات لێگرتنەکە.

7- خەرجی کەسوکارە نزیکەکان لە ڕێکەوتی داواکردن دەبێت.

# هێلکارییێکی ڕوونکەرەوە بۆ ڕێکارەکانی وەرگرتنی خەرجی

**داوای خەرجی**
**بەلگەنامە وڕێکارەکان**

**عەریزەیەکی داوا تیایدا ناوی داواکار وداوالێکراو وبابەتی داوا، کە بریتیە لە وەرگرتنی خەرجی، ڕوونکرابێتەوە، لە گەڵ دیاری کردنی ماوەی نەدانی خەرجیەکە**

**بەلگەنامە هاوپێچەکان (کۆپیەك لە گرێبەستی هاوسەرگیری، کۆپیەك لە بڕیاری تەلآقدان، ئەگەر داواکردنی خەرجیەکە لە دوای تەلآقدانەوە بێت، گەواهیدەر بۆ سەلماندنی وەرنەگرتنی خەرجیەکە)**

**ئەگەر خەرجیەکە هی کاتی هاوسەرگیری بێت، ئەوا بابەتی داواکە خۆگرتنی پیاو دەبێت لە دانی خەرجیەکانی خێزان ومناڵەکانی، لە گەڵ دیاری کردنی ئەو ماوەیەی کە خەرجیەکانی لە ئەستۆ نەگرتووە**

## 5- ناشیزە بوون (النشوز):

بریتی یە لەو حاڵەتەی کە یەکێك لە هاوسەرەکان (پیاوەکە یاخود ژنەکە) خۆی بە زلتر بزانێت لەوەی تر. بۆ نموونە لە حاڵەتێك کە یەکێك لە هاوسەرەکان، بەبێ مۆڵەتی ئەوەی تر وبەبێ بیانوێکی شەرعی، مەنزلگەی هاوسەرێتی جێبهێلێت، ئەوا بە ناشیز هەژمار دەکرێت. یاخود یەکێك لە دوو هاوسەرەکە زێدەڕۆیی بکات لە هەڵنەستان بە ئەرکەکانی هاوسەرگیری، یاخود حاڵەتی پابەند نەبوونی پیاو، بە ئامادەکردنی مەنزلگەیەکی شەرعی بۆ هاوسەرەکەی، کە گونجاو بێت لە گەڵ باری کۆمەلأیەتی وئابورییان، وچەندین حاڵەتی تر.

ئەگەر یەکێك لەم حاڵەتانەی سەرەوە ڕوو بدات، ئەوا کەسی کەمتەرخەم، چ پیاو بێت یاخود ژن، بە ناشیز هەژمار دەکرێت. ناشیزە بوون بە هۆیەك لە هۆیەکانی لێکجیاکردنەوەی نێوان دوو هاوسەر هەژمار دەکرێت. ئەگەر پیاوەکە ناشیز بێت، ئەوا پابەند دەبێت بە لە ئەستۆ گرتنی خەرجیەکانی خێزانەکەی وپێدانی هەموو مافەکانی. بەلأم ئەگەر ژنەکە ناشیزە بێت، ئەوا مافی وەرگرتنی خەرجی ومارەیی دواخراو لە دەست دەدات.

یەکێك لە مافەکانی تری ژن، ئەوەیە کە نابێت پیاوەکەی، بەبێ ڕەزامەندی ژنەکەی، هەوێ ی ژنەکە بێنێتە هەمان ئەو خانووەی کە تیایدا نیشتەجێن، هەروەها پیاو، بەبێ ڕەزامەندی ژنەکەی، بۆی نیە کەسەوکارەکانیشی بێنێتە هەمان خانوو، جگە لە مناڵە بچووکە ناجیاکارەکەی نەبێت، واتە ئەو مناڵەی کە نەگەیشتۆتە تەمەنی حەوت

**ساڵان، کەواتە پیاوەکە دەتوانێت ئەم منالە لەگەڵ هاوسەرەکەی لە هەمان خانوودا نیشتەجێیان بکات (بڕوانە ماددەکانی 25، 26، لە یاسای باری کەسێتی).**

# هێلکارییێکی ڕوونکەرەوە بۆ ڕێکارەکانی داوای ناشیزەبوون

داوای ناشیزەبوون/ بەڵگەنامە ورێکارەکان

↓

عەریزەیەکی داوای پێشکەشکراو بە دادگای باری کەسێتی تیایدا حاڵەتی ناشیزەبوونی پیاو یاخود ژنەکە ڕوون کرابێتەوە

↓

عەریزەکە هاوپێچ دەکرێت لە گەڵ کۆپیەك لە گرێبەستی هاوسەرگیری، لە گەڵ بوونی گەواهیدەر بۆ سەلماندنی حاڵەتی ناشیزەبوون. لە حاڵەتی سەلماندنی ناشیزبوونی پیاوەکە، ئەوا پابەند دەبێت بە خەرجیەکان وپێدانی هەموو مافەکانی ژنەکەی، وە لە حاڵەتی ناشیزەبوونی ژنەکە ئەوا ...

↓

ژنەکە زۆری لێناکرێت بگەڕێتەوە بۆ مەنزڵگەی هاوسەرێتی، بەڵام حوکمی ناشیزەبوونی دەبێتە هۆیەك لە هۆیەکانی لێکجیاکردنەوە، بەپێ ی ئەمەش ژنەکە هەندێك لە مافەکانی، وەك مارەیی دواخراو وخەرجی، لە دەست دەدات

## 6- تەلأقدان ولێکجیاکردنەوە:

**گرێبەستی هاوسەرگیری بە تەلأقدان یاخود لێکجیاکردنەوە کۆتایی پێدێت. یاسای باری کەسیتی حوکمەکانی تەلأقدان ولێکجیاکردنەوەی لە ماددەکانی (34، 35، 36، 37، 38، 39، 40، 41، 42، 43، 44، 45، 46)ی یاسای باری کەسێتی ڕێکخستووە.**

### 1- تەلأقدان:

**تەلأقدان جیاوازی هەیە لە گەڵ لێکجیاکردنەوە، مەبەست لە تەلأقدان، بە پێ ی یاسا، بریتی یە لە هەڵگرتنی بەندی هاوسەرگیری بە شێوەیەکی ڕوون وئاشکرا، کە بە پێ ی شەرع ویاسا، تەلأقدان لەخۆوە بگرێت. بە بێ بەستنەوە بە شێوەیەك یاخود زمانێکی دیاری کراو، ئەویش لە لایەن پیاوەوە دێتە ئاراوە، یاخود لە لایەن خێزانەکەی ئەگەر بریکار کرابێت یان پێیسپێردرا بێت، یاخود لە لایەن دادوەرەوە دێتە ئاراوە.**

**بریکارنامەیی لە کەتاندنی تەلأق پێ ی وەرناگیرێت، مەگەر ڕێگرییێك هەبێت لە ئامادەبوونی یەکێك لە دوو هاوسەرەکە. هەروەها تەلأقدان، لە کاتی کەتاندن یاخود دانپێنانی، بە بێ ئامادەبوونی دوو گەواهیدەری دادویست یاخود بەبێ ئامادە بوون لە بەردەم دادوەر، دروست نابێت. تەلأقدانی سەرخۆش و شێت وگەمژە وزۆرلێکراو وئەو کەسەی جیاکردنەوەی لە دەست داوە، بە هۆی توڕەیی یان کارەساتێکی لە ناکاودا یان پیری یان نەخۆشی، دروست نیە. پیاو لە سەر خێزانەکەی سێ تەلأقی**

هەیە. ئەو تەلاّقەی کە بە زارەکی یان بە ئاماژە ژمارەی لەگەڵدایە، تەنها بە یەك تەلاّق هەژمار دەکرێت. بۆ نموونە پیاوەکە بڵێتە خێزانەکەی ئەتۆم تەلاّقدا تەلاّقدا، یاخود ئەتۆم سێ بی سێ تەلاّقدا، لەم حاڵەتانەدا، بەپێ ی یاسا، تەلاّقەکە یەکجار کەوتووە. ئەگەر پیاو سێ تەلاّقی جیاوازی ئاراستەی خێزانەکەی کرد، ئەوا ناتوانێت بیگەڕێنێتەوە، تەنها ئەگەر بە کەسێکی تر شووبکات، وئینجا تەلاّق بدرێتەوە، ئەوسا پیاوەکەی پێشوو دەتوانێت بیگەڕێنێتەوە ودووبارە هاوسەرگیری لە گەڵیدا ببەستێتەوە بە گرێبەستێك ومارەییێکی نوێ.

## تەلاّقدان دوو جۆرە:

أ- تەلاّقی بەگەڕانەوە: بریتی یە لەو تەلاّقەی دوای چوونە لای خێزان وبێ بەرامبەرە، وئەو تەلاّقەیە کە پیاوەکە دەتوانێت بگەڕێتەوە لای خێزانە تەلاّقدراوەکەی خۆی لە کاتی عیدەی، بەبێ گرێبەستێکی نوێ، بە مەرجێك هەردووکیان ویستی چاکسازییان هەبێت، وژنەکەش لە کاتی ماوەی عیدە خەرجیەکی تەواوی هەیە.

ب- تەلاّقی (بائن): بریتی یە لەو تەلاّقەی پێش چوونە لای خێزانە یاخود دوای چوونە لای یاخود بە بەرامبەرە، وهەر تەلاّقێکی بەگەڕانەوەشە ئەگەر ماوەی عیدەی ژنەکە تەواو بوو بێت. (بائن)یش دوو جۆرە: تەلاّقی بائنی بچووك (بائن بینونە

**صغری): ئەو تەڵاقەیە کە جارێك یاخود دوو جار دەکەوێت وتیایدا دەشێت پیاو بگەڕێتەوە لای ژنە تەڵاقدراوەکەی بە گرێبەستێك ومارەییێکی نویێ. تەڵاقی بائنی گەورە (بائن بینونە کبری) ئەو تەڵاقەیە کە پیاو ناشێ بگەڕێتەوە لای ژنە تەڵاقدراوەکەی، کە بە سێ تەڵاقی لە یەکتر جیا تەڵاقی داوە وپێش بەسەر چوونی ماوەی عیدەی نەیگەڕاندۆتەوە.**

**هەردوو هاوسەر ئەوەی ویستی تەڵاقدانی هەیە پێویستە داوای تەڵاق لە دادگای باری کەسێتی بەرز بکاتەوە بۆ وەرگرتنی حوکمی تەڵاق. ئەگەر تەڵاقدانی پیاو زێدەڕۆیی بێت (تعسفی)، واتە تەڵاقدانەکە بەبێ بیانو بێت، ئەوا ژنە تەڵاقدراوەکە بۆی هەیە داوای قەرەبووی ئەو زیانانە بکات کە لە ئەنجامی تەڵاقی زێدەڕۆیی پێ ی گەیشتووە. حکومەتی هەرێم پابەندە بە چاودێری کردنی ئەو ئافرەتە تەڵاقدراوەی کە داهاتی مانگانەی نیە، لە لایەن چاودێری کۆمەڵایەتی بڕە پارەیەکی مانگانەی بۆ دابین دەکرێت، تاوەکو بۆ خۆی هەلی کارێك دەدۆزێتەوە، یاخود جارێکی تر شوودەکات، چونکە ئەو کاتە پیاوەکە خەرجیەکانی ئەم ئافرەتە لە ئەستۆ دەگرێت.**

## 2- لێکجیاکردنەوە (التفریق):

**لێکجیاکردنەوە دوو جۆرە (دادگەریی واختیاری):**

**أ- <u>لێکجیاکردنەوەی دادگەریی</u>: ئەو لێکجیاکردنەوەیە یە کە هەر یەکێك لە دوو هاوسەرەکە مافیان هەیە لە بەردەم دادگا داوای بکەن، لە کاتی بوونی هۆیەك لەو هۆیانەی کە یاسا باسی کردوون، وبریتین لە:**

**1- لە حاڵەتێك ئەگەر یەکێك لە هاوسەرەکان زیانێکی بەوەی تر یان مناڵەکانیان گەیاند، بە جۆرێك ناکرێت ژیانی هاوسەرێتی بەردەوامی پێبدرێت. بۆ نموونە لە حاڵەتی خووگرتن بە خواردنەوەی مادده سەرخۆشکەر یاخود بێهۆشبەرەکان، بە مەرجێك ئەم حاڵەتە لە ڕێگەی ڕاپۆرتی لێژنەیەکی پزیشکی تایبەتمەندەوە بسەلمێنرێت. هەروەها هەڵسان بە کاری قوماربازی لە مەنزلگەی هاوسەرێتی بە زیان هەژمار دەکرێت.**

**2- ئەگەر یەکێك لە هاوسەرەکان خیانەتی هاوسەرێتی ئەنجام بدات.**

**3- ئەگەر گرێبەستی هاوسەرگیری پێش ئەوەی یەکێك لە هاوسەرەکان تەمەنی هەژدە ساڵی تەواوکردبێت، بەبێ ڕەزامەندی دادوەر بەسترابێت.**

**4- ئەگەر هاوسەرگیرییەکە لە دەرەوەی دادگا لە ڕێگەی زۆرەملێ ئەنجام درابێت وپیاوەکە چووبێتە لای خێزانەکەی.**

**5- ئەگەر پیاوەکە ژنێکی تری هێنا، ئەوا ژنی یەکەم بۆی هەیە داوای لێکجیاکردنەوە بکات.**

**6- ئەگەر ناكۆكیەك لە نێوان هەردوو هاوسەر ڕوو بدات، چ لە پێش چوونە لای خێزان یاخود دوای چوونە لای.**

**لە حاڵەتی بەرز كردنەوەی داوای لێكجیاكردنەوە، لە بەر یەكێك لەو هۆیانەی كە لە سەرەوە باسمان كردن، دادگا هەڵدەستێت بە ئەنجامدانی لێكۆڵینەوە لە هۆی ناكۆكیەكە، ئەگەر بۆی دەركەوت ناكۆكی هەیە ویەكێك لەم هۆیانەی سەرەوە بوونیان هەبوو، ئەوا دادگا هەڵدەستێت بە دەستنیشان كردنی ناوبژیوانێك لە كەسوكاری ژنەكە وناوبژیوانێك لە كەسوكاری پیاوەكە، ئەگەر بوونیان هەبێت، ئەگەر بوونیان نەبوو ئەوا دادگا داوا لە هەردوو هاوسەرەكە دەكات دوو ناوبژیوان هەڵبژێرن، ئەگەر پێكنەهاتن، ئەوا دادگا هەڵیان دەبژێرێت. ئەویش بە مەبەستی چاككردنەوەی نێوان هەردوو هاوسەر. ئەگەر هەردوو ناوبژیوانەكە نەیانتوانی نێوان هەردوو هاوسەرەكە چاك بكەنەوە، ئەوا بابەتەكە بەرز دەكەنەوە بۆ دادگا لە گەڵ دیاری كردنی لایەنی كەمتەرخەم، ئەگەر هەردوو ناوبژیوانەكە پێكنەهاتن لە سەر دیاری كردنی لایەنی كەمتەرخەم، ئەوا دادگا ناوبژیوانی سێیەمیان بۆ دەستنیشان دەكات بۆ دیاری كردنی لایەنی كەمتەرخەم. دواتر ئەگەر دادگا بەردەوامیی ناكۆكیەكەی بۆ سەلمێندراو نەیتوانی چاكسازی بكات وپیاوەكە خۆی گرت لە تەلاقدانی خێزانەكەی ئەوكاتە دادگا نێوانی هەردوو هاوسەرەكە لە یەكتری جیا دەكاتەوە.**

**هەروەها هۆی تر هەن بۆ لێكجیاكردنەوە، كە مادده (43)ی یاسای باری كەسێتی ئاماژەی بۆ كردوون، ئەم هۆیانەش تەنها تایبەتن بە ژنەوە،**

**کەواتە ژن بۆی هەیە داوای لێکجیابوونەوە لە پیاوەکەی بکات، ئەگەر یەکێك لەم هۆیانەی خوارەوە هاتنە کایەوە، کە بریتین لە:**

**1- ئەگەر پیاوەکەی بە سزایەکی ئازادی لێسێنەر (واتە بەندکردن یاخود زیندانی کردن) حوکم درا، کە ماوەکەی سێ ساڵ بەرەو سەر بێت، پاش بەسەر چوونی یەك ساڵ لە سەر جێبەجێ کردنی، هەتا ئەگەر ژنەکەماڵیشی هەبێت وبتوانێت لێیەوە خەرجیەکانی خۆی بکات.**

**2- ئەگەر پیاو، بەبێ بیانوێکی ڕەوا، ماوەی ساڵێك بەرەو سەر، خێزانەکەی خۆی بەجێبهێڵێت.**

**3- ئەگەر پیاو، لە ماوەی دوو ساڵ لە مێژووی گرێبەست، داوای گواستنەوەی (زەماوەند) ئەو خێزانەی نەکات، کە نەچوویتە لای.**

**4- ئەگەر ژنەکە بینی پیاوەکەی نەمێردە (عنین) یاخود تووشی نەخۆشییێك هاتووە، کە ناتوانێت لە گەڵیدا، چ لە بەر هۆکاری جەستەیی بێت یاخود دەروونی، بە ئەرکەکانی هاوسەرێتی هەڵبستێت.**

**5- ئەگەر پیاوەکە نەزۆك بێت، یاخود لە دوای هاوسەرگیری تووشی نەزۆکی هاتبێت، ژنەکەش هیچ منداڵی زیندووی لەم پیاوە نەبێت.**

6- ئەگەر ژنەکە، لە دوای بەستنی گرێبەستی هاوسەرگیریی، بۆی دەرکەوت کەوا پیاوەکەی تووشی نەخۆشییێك هاتووە ناکرێت لە گەڵیدا بەبێ زیان پێکەوەژیان ئەنجام بدەن.

7- ئەگەر پیاو، بەبێ بیانوێکی ڕەوا، دوای ماوەدانی تا شەست ڕۆژ، خۆی بگرێت لە خەرجیەکانی خێزانەکەی.

8- ئەگەر پیاو، خۆی بگرێت لە دانەوەی خەرجیە کەلەکەبووەکانی سەری، پاش ماوەدانی بۆ ماوەی شەست ڕۆژ لە لایەن فەرمانگەی جێبەجێ کردنەوە.

9- ژن بۆی هەیە، پێش هاتنە لای لە لایەن پیاوەکەیەوە، لە دادگا داوا بکات لە گەڵ پیاوەکەی جیا بکرێتەوە. لەم حاڵەتەش دادگا دەبێت حوکم بە لێکجیاکردنەوەیان بدات، پاش ئەوەی ژنەکە مارەیی وەرگیراو وخەرجیەکانی هاوسەرگیری بۆ پیاوەکە دەگەڕێنێتەوە.

ئەمانەی سەرەوە، ئەو هۆیانەن ئەگەر یەکێکیان بێتە کایەوە، ئەوا ژنەکە بۆی هەیە پەنا بباتە بەر دادگای باری کەسێتی تایبەتمەند وداوای لێکجیاکردنەوە بکات لە بەر یەکێك لەم هۆیانەی سەرەوە.

ب- لێجیاکردنەوەی اختیاری/ لەبەر یەك دەرچوون (خولع): مەبەست ئەوەیە لابردنی باری هاوسەرگیری بە ووشەی (خولع) یاخود بە هەمان واتای ئەو، بەرامبەر قەرەبووێك کە نابێت زیاتر بێت لەو مارەییە ناونراوەی کە وەرگیراوە، ومەرج نیە پیاوەکە بە خولع رازی بێت، ئەگەر

دادوەر، لە رێگەی ناوبژیوانی، بۆی دەرکەوت ئافرەتەکە هیچ توانای پێکەوە ژیانی لە گەڵ پیاوەکەدا نەماوە. ئەمە دەقی ئەو پێناسەیەیە کە یاسا هێناویەتی دەربارەی بیرۆکەی خولع. لەم پێناسەیەی سەرەوە، کە یاسا دەقی لە سەر کردووە، بۆمان دەردەکەوێت خولع، لە بنەڕەتدا، بریتی یە لە لێکجیاکردنەوە بە رەزامەندی هەردوو هاوسەر، بەرامبەر هاتنەخوارەی ژن لە بەشێك لە مافەکانی، وەك هاتنەخوارەوە لە مارەیی بۆ نموونە. بە مەبەستی پاراستنی مافەکانی ژن، یاسا بەرزترین ئاستی ئەو شتەی کە ژنەکە لێی دێتە خوارەوە، بەوەی کە نابێت زیاتر بێت لەو شتەی وەری گرتووە، دیاری کردووە، تاوەکو پیاوەکە بارودۆخەکە نەقۆزێتەوە وهاوسەرەکەی ناچار بکات لە هەموو مافەکانی بێتە خوارەوە بۆ ئەوەی ئازادی خۆی دەستەبەر بکات. کەواتە ئافرەت، ئەگەر هۆیەکیش لە هۆیەکانی لێکجیاکردنەوەی دادگەریی - کە لە سەروە باسمان کردن - بۆی نەرەخسێت، ئەوا دەتوانێت پەنا بۆ خولع ببات وتیایدا لە بەشێك لە مافەکانی بێتە خوارەوە بەرامبەر دەستەبەرکردنی ئازادی خۆی لای پیاوەکەی.

# هێلکارییێکی ڕوونکەرەوە بۆ ڕێکارەکانی هەندێ داوای کۆتایی پێهێنانی هاوسەرگیری



**داوای پەسەندکردنی تەڵاق – لە حاڵەتێك ئەگەر تەڵاقدانەکە لە دەرەوەی دادگا ڕووی دابێت – بەڵگەنامە وریکارەکان**

↓

**عەریزەی داوا تیایدا بابەتی داواکە، کە بریتیە لە پەسەند کردنی تەڵاقدانی دەرەوەی دادگا لە خۆوە بگرێت**

↓

**هاوپێچکردنی کۆپیەك لە گرێبەستی هاوسەرگیری لەگەڵ داوا**

↓

**بوونی گەواهیدەر بۆ سەلماندنی حاڵەتی ڕوودانی تەڵاقەکە ومەرجە لە کاتی تەڵاقدانەکە ئامادە بووبن، یاخود هەر بەڵگەیەکی تری سەلماندن**

## داوای کەلوپەلی هاوسەرێتی:

ئافرەتی تەلاٌقدراو مافی هەیە کەلوپەلەکانی نێو مەنزلگەی هاوسەرێتی دەست بکەوێت. بۆیە دەتوانێت داوای کەلوپەلی هاوسەرێتی بەرز بکاتەوە. بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە بڕوانە ئەم هێلکارییەی خوارەوە:

داوای کەلوپەلی هاوسەرێتی/ بەڵگەنامە ورێکارەکان

ئەم داوایە لە بەردەم داگای بەرایی بەرز دەکرێتەوە تیایدا ژنەکە داوای دەستکەوتنی کەلوپەلی نێو مەنزلگەی هاوسەرێتی دەکات

لە گەڵ داواکە کۆپیەك لە بڕیاری تەلاٌقدان وئەو گرێبەست وپسوولانەی کە خاوەنداریێتی هەندێ لە کەلوپەلەکان یان کڕینیان لە لایەن ژنەکە دەسەلمێنێت، هاوپێچ دەکرێت

بوونی گەواهیدەر بۆ سەلماندنی کەلوپەلەکانی نێو مەنزلگەی هاوسەرێتی

## 7- عیدە:

ئەو ماوە دیاری کراوەیە کە پێویستە ئافرەتی شووکردوو تیایدا بە کەسێکی تر شوونەکات، تەنها بە تەواو بوونی ئەم ماوەیە نەبێت. ئامانجیش لەم ماوەیە بریتی یە لە پاراستنی ڕەچەلەك وپارێزگاری کردنە لە ئافرەت. عیدە لەم دوو حاڵەتەی خوارەوە لە سەر ئافرەت دەبێتە ئەرك:

أ- ئەگەر لە پیاوەکەیدا جیابۆوە، دوای ئەوەی ئەم پیاوە هاتبووە لای، ئەم جیابوونەوەش چ لە ڕێگەی تەڵاقی گەرانەوە یاخود بائن یاخود لێکجیاکردنەوە یاخود یەکجێهێشتن یاخود هەڵوەشاندنەوە بێت.

ب- ئەگەر پیاوەکەی کۆچی دوایی بکات هەتا ئەگەر ئەم پیاوە نەهاتبێتە لای ژنەکەش.

ماوەی عیدە، لە حاڵەتی تەڵاق وهەڵوەشاندنەوە بۆ ئەو ئافرەتەی کە پیاوەکەی هاتۆتە لای، سێ بێنوێژی وپاکبوونەوەیە (واتە پاش بەسەرچوونی سێ بێنوێژی وپاکبوونەوە لێیان)، بەڵام ماوەی عیدەی ئەو ژنەی کە پیاوەکەی کۆچی دوایی کردووە، بریتی یە لە چوار مانگ ودە ڕۆژ بۆ ئەو ژنەی کە سکپڕ نیە، چونکە ژنی سکپڕ ماوەی عیدەکەی بریتی یە لە دوورترین ماوە لەم دوو ماوەیە: یان دانانی سکپڕیەکەی (منداڵ بوونی) یاخود ئەم ماوەی لەسەرەوە باسمان کرد (واتە چوار مانگ ودە ڕۆژ).

ماوەی عیدە ڕاستەوخۆ، لە دوای تەڵاقدان یاخود لێکجیاکردنەوە یاخود مردن، دەست پێ دەکات، هەتا ئەگەر ژنەکەش ئاگاداری تەڵاقدانەکە

**یاخود مردنەكە نەبێت، وناكرێت ئافرەت پێش تەواوبوونی ماوەی عیدەكەی شوو بكاتەوە.**

**ژنی تەڵاقدراو مافی هەیە بە سەر پیاوە زیندووەكەی كەوا خەرجی عیدەی لە ئەستۆ بگرێت، بەڵام عیدەی كۆچی دوایی كردن خەرجی نیە.**

**حوكمەكانی لێكجیاكردنەوە، بە هەردوو جۆری دادگەریی واختیاری، لە (ماددەكانی 47، 48، 49، 50ی یاسای باری كەسێتی) رێكخراون.**

## 8- داینگە:

**بریتی یە لە پەروەردە كردن وچاودێری وگرنگی پێدانی منالاَن. یاسا حوكمەكانی شیردان وداینگەی لە (ماددەكانی 55، 56، 57)ی یاسای باری كەسێتی رێكخستووە. تایبەت بە حاڵەتی شیردان، لەم ماددانەدا هاتووە كەوا، ئەركە لە سەر دایك منالەكەی خۆی شیربدات جگە لە حالەتی نەخۆشی. سەبارەت بە حوكمەكانی داینگە، یاسای دەری خستووە كەوا دایك بۆ داینگەیی وپەروەردە كردنی مندالْ لە باوك لە پێشترە، لە كاتی بوونی هاوسەرێتی ولە دوای نەمانی هاوسەرێتیشدا، بە مەرجێك دایكە داینگەكە پێگەیشتوو، عەقلمەند، ودەستپاك بێت، وتوانای پەروەردە كردن وپاراستنی منالەكەی هەبێت. داینگەیی دایكی تەلاقدراو بە دووبارە شوو كردنەوەی ناكەوێت (واتە مافی داینگەی دەمێنێت)، لەم حالەتەشدا دادگا، بە پیٚ ی بەرژەوەندی منالەكە، بریار دەدات كەوا بۆ داینگەیی دایكەكە شایستەترە یاخود باوكەكە. هەروەها باوك بۆی هەیە بڕوانێتە كاروباری منالە داینگە**

کراوەکەی، وبڕوانێتە کاروباری پەروەردە وفێرکردنی تاوەکو تەمەنی دە ساڵی تەواو دەکات. ئەگەر منالی داینگە کراویش تەمەنی پازدە ساڵی تەواو کرد ئەوا خۆی مافی دەستنیشان کردنی ئەو کەسەی هەیە کە دەیەوێت لە لای نیشتەجێ ببێت تاوەکو تەمەنی هەژدە ساڵی تەواو دەکات. لە حاڵەتی لە دەستدانی دایکی مناڵە بچووکەکە بۆ یەکێك لە مەرجەکانی داینگەیی یاخود کۆچی دوایی کردنی، ئەوا داینگە بۆ باوکەکە دەگوازرێتەوە، ئەگەر باوکەکەش یەکێك لە مەرجەکانی داینگەیی لە دەستدا یاخود کۆچی دوایی کرد ئەوا مناڵە بچووکەکە لای دایکی دەمێنێتەوە.

# هێلکارییێکی ڕوونکەرەوە بۆ ڕێکارەکانی داوای داینگەیی

داوای داینگەیی/ بەڵگەنامە وڕێکارەکان

↓

عەریزەی داوا تیایدا داوای داینگەیی دەکرێت وئاراستەی دادگای باری کەسێتی دەکرێت لە گەڵ دیاری کردنی هۆیەکانی لە دەست دانی کەسی داینگەکار بۆ مەرجەکانی داینگەیی

↓

کۆپیەك لە گرێبەستی هاوسەرگیری وبڕیاری لێکجیاکردنەوە لە گەڵ عەریزەکەدا هاوپێچ دەکرێن

↓

بوونی گەواهیدەر بۆ سەلماندنی بوونی منداڵ لە لای کەسی داینگەکار هەروەها بۆ سەلماندنی نالێهاتوویی کەسی داینگەکار بۆ داینگەیی

## 9- میرات:

بریتی یە لەو ماڵ وسەروەت وسامانەی كەوا كەسی میراتگر لە كەسی میراتدەر (مردووەكە)ی وەردەگرێت، واتا پاش كۆچی دوایی كەسە میراتدەرەكە. یاسا حوكمەكانی میراتی لە (ماددەكانی 86، 87، 88، 89، 90، 91)ی یاسای باری كەسێتی رێكخستووە.

بە پێ ی ئەم حوكمانە ژن، لە كاتی نەبوونی لقێكی میراتگری مردووەكە، چارێگی (4/1) میراتی پیاوە مردووەكی وەردەگرێت، بەلام ئەگەر پیاوە مردووەكە لقێكی میراتگری هەبێت ئەوا خێزانەكەی هەشتیەكی (8/1) میراتی پیاوە مردووەكەی وەردەگرێت.

سەبارەت بە پیاویش لە حالەتی نەبوونی لقێكی میراتگری مردووەكە، نیوەی (2/1) میراتی خێزانە مردووەكەی وەردەگرێت، بەلام ئەگەر ژنە مردووەكە لقێكی میراتگری هەبێت، ئەوا پیاوەكەی چارێگی (4/1) میراتی خێزانە مردووەكەی وەردەگرێت.

لە كاتی بوونی كوڕێك بۆ كەسی مردوو، ئەوا كچی مردووەكە پشكێكی لە میراتەكە بەر دەكەوێت لە سەر بنەمای نێرینە بەقەد بەشی دوو مێیینە وەردەگرێت، واتە نێرینە دووهێندەی مێیینەی بەر دەكەوێت. بەلام ئەگەر كەسی مردوو كوڕی نەبێت، واتا تەنها كچی هەبێت، ئەوا كچەكە پاشماوەی هەموو میراتەكەی، پاش پێدانی پشكی دایك وباوك وهاوسەری كەسی مردوو، بەردەكەوێت. بەلام لە حالەتی نەبوونی هیچ یەكێك لە میراتگرەكانی سەرەوە، ئەوا كچی مردووەكە هەموو میراتەكەی بەردەكەوێت.

هــەروەها دایــك وداپــیر وخوشــك و منالّــەکانی خوشــك وپلــك و کەسوکارەکان هەموویان، بە پیٚ ی برِی دیاری کراو، لە ڕووی شەرع ویاساوە، پشکی خۆیان لە میرات بەردەکەوێت.

**ئەو حالّەتانەی ژن میراتی پیاوە مردووەکەی بەردەکەوێت:**

1- ژن، ئەگــەر یــەك بێــت یــان زیــاتر، چــارێگی میراتــی پیــاوە مردووەکــەی بەردەکــەوێت ئەگــەر پیــاوە مردووەکــە لقێکــی میراتگری نەبێت، واتە نە کوڕ نە کچی میراتگری نیە.

2- ژن، ئەگــەر یــەك بێــت یــان زیــاتر، هەشــتیەکی میراتــی پیــاوە مردووەکــەی بەردەکــەوێت ئەگــەر پیــاوە مردووەکــە لقێکــی میراتگـری هـەبێت. بـۆ نموونـە ئەگـەر پیـاوە مردووەکـە کوڕێـك وکـچێك وهاوســەرێکی هــەبێت، ئــەوا هاوســەرەکە هەشــتیەکی بەردەکەوێت وباقی میراتەکەش بۆ کوڕ وکچەکە دەبێت.

## هێلکارییێکی ڕوونکەرەوە بۆ وەرگرتنی دابەشنامەی شەرعی کە تیایدا پشکی میراتگرەکان دیاری دەکرێت

دابەشنامەی شەرعی

بەڵگەنامە وریکارەکان

پێشکەشکردنی عەریزەیەك بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە لایەن یەکێك لە میراتگرەکان لە گەڵ نووسراوێکی ئاراستەکراو بۆ فەرمانگەی ناسنامە بۆ وەرگرتنی وێنەی قەیدکردنی

ووتەی گەواهیدەرەکان وداواکاری دابەشنامە، ئینجا ئاراستەی دادوەری دادگای باری کەسێتی دەکرێت بۆ وەرگرتنی دابەشنامەی شەرعی کە تیایدا پشکی میراتگرەکان دیاری کراوە

زانیاری وبەڵگەنامەی کۆچکردن لەلایەن میراتگرەکانەوە لەگەڵ عەریزەی داوا هاوپێچ دەکرێت ئینجا پشکەکان دابەش دەکرێن

## 10- سەلماندنی ڕەچەلەك:

بنـــەمای ڕەچـــەلەك بریتـــی یـــە لـــە ســـكپری ولـــە دایكبـــوون، هـــیچ ناكۆكیـەك لـە نێـوان زاناكـانی شـەریعەت وپزیـشكی مۆدێرنـدا نیـە لـە سـەر ئەوەی كەوا كەمترین ماوەی سكپری بریتـی یـە لـە شـەش مـانگ، بۆیـە هـەر كەسێك بە كەمتر لەم ماوەیەدا لە دایكبووبێت ئـەوا ڕەچـەلەكەكەی بـۆ ئـەو كەسەی، لە سەر بنەمای هاوسەرێتی داوای دەكات، ناسەلمێنرێت.

بۆ سەلماندنی ڕەچەلەك سێ ڕێگە هەیە، كە بریتین لە:

1- جێخەفتن، مەبەست بوونی هاوسەرێتیە.

2- دانپیانان، كە بریتی یە لە هەواڵدانی كەسێك كـەوا لـە نێـوان خۆی وكەسێكی تر خزمایەتی (نزیكایەتی) هەیە. ئەویش دوو جۆرە نزیكایەتی راستەوخۆ، كە بریتی یە لە پەیوەندی نێـوان بنەچە وڕەچەلەكەكان بە یەك پلـە، وەك كـوڕێتی وباوكایـەتی ودایكایـــەتی. نزیكایـــەتی ناراســـتەوخۆ، كـــە بریتـــی یـــە لـــە نزیكایەتی ئەو كەسوكارەی كەوا یەك بنەچەی هاوبەش كۆیـان دەكاتەوە بە بێ ئەوەی یەكێكیان بۆ ئەوەی تر ببێتە لـق، وەك خوشك وبرایەتی ومامایەتی.

3- سەلماندنی رەچەلەك بە بەڵگە: ئەم ڕێگەیەش لە ڕێ ی بـوونی گەواهیـدەر وگەواهیـدانیان لـە سـەر گەڕانـەوەی رەچـەلەكی منالەكان بۆ باوكیان، دێتە ئاراوە.

حوكمـەكانی ڕەچـەلەك لـە (ماددەكـانی 51، 52، 53، 54)ی یاسـای بـاری كەسـێتی ڕێكخـراوە. ئـەم ماددانـە دەریـان خـستووە كـەوا ڕەچـەلەكی منالی هەر ژنێك، دەگەرێتەوە سـەر پیاوەكـەی، ئەگـەر رێكـەوتی گرێبەسـتی

هاوسەرگیرییان کەمترین ماوەی سکپڕی بەسەربردبێت، وبەیەك گەیشتنی هەردوو هاوسەرەکەش ئەستەم نەبێت، واتە ژنەکە ڕاستەوخۆ لە دوای شووکردن وتوانای بەیەك گەیشتن لە گەڵ پیاوەکەیدا بە ماوەیەك کەمتر نەبێت لە شەش مانگ، منداڵی بوو بێت.

واتە لە دوای بەسەر چوونی ماوەی شەش مانگ بەسەر ڕێکەوتی دروست بوونی گرێبەستی هاوسەرگیری منداڵەکەی بوو بێت، هەروەها منداڵبوونەکەی، لە ماوەیەك زیاتر نەبێت لە دوورترین ماوەی سکپڕی، کە زانست وپزیشکی مۆدێرن – سەرەرای هاوڕا نەبوونیان – بە یەك ساڵیان دیاری کردووە، تێپەر نەکات. بۆیە ئەگەر لە دوای یەك ساڵ لە ڕێکەوتی هاوسەرگیری وتوانای بەیەك گەیشتن، هەڵسانی پیاوەکە بە چوونە لای هاوسەرەکەی، ئەوا ڕەچەلەکی ناسەلمێندرێت.

## هێلکارییێکی روونکەرەوە بۆ رێکارەکانی سەلماندنی ڕەچەلەك

داوای سەلماندنی ڕەچەلەك/ بەلگەنامە ورێکارەکان

عەریزەیەکی داوا پێشکەشی دادگای باری کەسێتی بکرێت تیایدا هاوسەرە داواکارەکە داوای سەلماندنی ڕەچەلەکی منالەکانی لە پیاوەکەی (داوالێکراو) بکات

کۆپیەك لە گرێبەستی هاوسەرگیری وراپۆرتێکی پزیشکی کەوا گەڕانەوەی ڕەچەلەکی منالەکانی بۆ کەسی داوالێکراو بسەلمێنێت، لە گەڵ عەریزەی داوا هاوپێچ بکرێت

لە حالەتی نەبوونی گرێبەستی هاوسەرگیری رێکارەکان بریتی دەبن لە: پێشکەشکردنی عەریزەیەك کەسی داواکار تیایدا داوای سەلماندنی گەڕانەوەی ڕەچەلەکی منالەکانی بۆ کەسی داوالێکراو دەکات – بوونی گەواهیدەر بۆ سەلماندنی – راپۆرتی پزیشکی گەڕانەوەی ڕەچەلەکی منالەکان بۆ باوکیان دیاری بکات

لەمەوپێش، هەندێك حوكمی تایبەت بە ئافرەتان لە پرسەکانی باری کەسێتی پیادەکراو لە هەرێمی کوردستانی عێراق، بە پێ ی یاسای باری کەسێتی هەموارکراوی ساڵی 1959 لە گەڵ حوکمەکانی هەموارکردنی پیادەکردنی ئەم یاسایە لە هەرێم ژمارە (15)ی ساڵی 2008، خرانەڕوو.

## سێ یەم: یاسای مافی ژنی تەڵاقدراو لە نیشتەجێبوون ژمارە (77)ی ساڵی 1983ی بەرکار:

ئەم یاسایە چەند حوکمێکی لەخۆوە گرتووە، لە هۆکارە پێویستکارییەکانی دانانی بەدەر دەکەوێت کەوا ئامانجی ئەم یاسایە بریتی یە لە پاراستنی ئافرەت لە پەرتەوازە بوون ودابینکردنی شوێنی حەوانەوە بۆی لە داوی دووچارهاتنی تەڵاقدان یاخود لێکجیاکردنەوە، ئەویش لە رێگەی مافپێدانی بۆ مانەوە لە مەنزڵگەی هاوسەرێتی لە دوای تەڵاقدانی یاخود لێکجیاکردنەوەی بۆ ماوەیەکی گونجاو تاوەکو شوێنی نیشتەجێ بوونێك بۆ حەوانەوەی خۆی ئامادە دەکات، لە سەر بنەمای ئەوەی کەوا پیاو لە دابینکردنی شوێنی نیشتەجێ بوون بەتواناترە لە ئافرەت. ماددەکانی (1، 2، 3)ی ئەم یاسایە ئاماژەیان بۆ ئەمانەی خوارەوە کردووە:

ئەو دادگایەی سەیری، داوای تەڵاقدانی یاخود لێکجیاکردنەوەی ژنەکە، دەکات، لە سەر داوای ژنەکە بڕیارێك دەر دەکات بە مانەوەی لە دوای تەڵاقدانی یاخود لێکجیاکردنەوەی لەو خانووە یاخود شوقەیەی کە لە گەڵ پیاوەکەی تیایدا نیشتەجێ بوون، ئەگەر هی پیاوەکە بێت. ئەم بڕیارەش لە چوارچێوەی حوکمی تەڵاق یاخود لێکجیاکردنەوە دەردەکرێت، ماوەی نیشتەجێ بوونیش، بەپێ ی چەند مەرجێکی دیاری کراو، سێ ساڵی بەبێ بەرامبەرە.

ژنەکە، لە چەند حاڵەتێکی دیاری کراو لە یاسادا، لەم مافە بێ بەش دەبێت، لەوانە ئەگەر هاتوو هۆی تەڵاقدان یاخود لێکجیاکردنەوەکە خیانەتی هاوسەرێتی ژنەکە یاخود ناشیزەبوونی بێت، یاخود ئەگەر ژنەکە بە تەڵاقدان یاخود لێکجیاکردنەوە ڕازی بێت، یاخود ئەگەر لێکجیاکردنەوەکە دەرئەنجامی خولع بێت.

**ئەگەر ژنەکە خاوەن خانوو یاخود شوقەیەکی سەربەخۆ بێت، ئەوا هەتا ئەگەر یەکێك لەم حاڵەتانەی سەرەوەش بێتە ئاراوە، ژنەکە، لە دوای کۆتایی هاتنی هاوسەرگیری، مافی نیە داوای نیشتەجێ بوون بکات لە مەنزلگەی هاوسەرێتی.**

**مەرجەکانی مافی ئافرەتی تەلأقدراو بۆ نیشتەجێ بوون:**

1- **هەموو یاخود بەشێکی خانووەکە بە کرێ نەدات.**

2- **کەسێك لە گەڵ خۆیدا نیشتەجێ نەکات، جگە لەوانەی لە ژێر داینگەیی ئەو دابوون، هەروەها ژنەکە مافی هەیە لە گەڵ خۆیدا یەکێك لە لێحەرامکراوەکانی (مەحارم) نیشتەجێ بکات.**

3- **هیچ زیانێك بە خانووەکە یاخود شوقەکە نەگەینێت، جگە لە زیانی سادە.**

**ئەگەر ژنە تەلأقدراوەکە یەکێك لەم مەرجانەی سەرەوەی پێشێل کرد ئەوا پیاوەکەی بۆی هەیە داوای پێچۆلکردنی شوێنی نیشتەجێ بوونەکە بکات، وژنە تەلأقدراوەکەش مافی نیە سوود لە ماوەی تر وەربگرێت.**

**ئەو حاڵەتانەی ژنی تەلأقدراو ئەم مافە لە دەست دەدات:**

1- **ئەگەر هۆی تەلأقدانەکە یاخود لێکجیاکردنەوەکە خیانەتی هاوسەرێتی یاخود ناشیزەبوونی ژنەکە بێت.**

2- **ئەگەر ژنەکە بە تەلأقدان یاخود لێکجیاکردنەوە ڕازی بێت.**

3- ئەگەر ژنە تەڵاقدراوەکە بە شێوەیەکی سەربەخۆ خانوویێك یاخود شوقەیەکی هەبێت.

تاوەکو ئافرەت ئەم مافە پێ بەخشراوانەی یاسای باری کەسێتی گەرەنتی بکات، پێویستە لە سەری پەنا بباتە بەر دادگا تایبەتمەندەکان، کە بریتین لە دادگاکانی باری کەسێتی، کە خۆی لە دادگای شوێنی نیشتەجێبوونی کەسی داوالێکراو یاخود شوێنی بەستنی گرێبەستی هاوسەرگیری، دەنوێنێت، ئەویش بە مەبەستی سەیر کردنی کاروباری هاوسەرگیری وتەڵاقدان وخەرجی وداینگەیی ورەچەلەك وئەوانەی تر، بۆ پاراستنی خۆی وپارێزگاری کردنی ئەو مافانەی کە یاسا پێ ی بەخشیوە لە کاتی بەرتەسك کردنی یاخود پێشێل کردنی ئەم مافانە.

**چوارەم: مافەکانی ئافرەت لە یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانیی لە هەرێمی کوردستان ژمارە (8)ی ساڵی 2011:**

ئەم یاسایە، سەرەڕای بوونی چەندین کەموکوڕی یاسایی تیایدا کە پێویست بە پێداچوونەوەیان دەکات لە لایەن یاسادانەرەوە تاوەکو بگونجێت لە گەڵ پرنسیپە بنەڕەتیانی نێو دەستور، بە یەکێك لە یاسا گرنگەکانی هەرێم هەژمار دەکرێت.

ئەم یاسایە لەم چەند بڕگەیەی خوارەوە دەخەینە ڕوو:

**یەکەم: گرنگی ئەم یاسایە:**

یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانیی ساڵی 2011، کە لە دە (10) ماددە پێکهاتووە، یەکێکە لەو یاسایانەی کە پەرلەمان بۆ سنووردار

کردنی دیاردەی توندوتیژی خێزانیی لە نێو کۆمەڵگەدا، دەری کردووە، ئەو توندوتیژیەی کە لە لایەن تاکە کەسێکەوە دەرهەق بە کەسێکی تر، کە پەیوەندییێکی خێزانیی دەیانبەستێتەوە، کە بریتی یە لە پەیوەندی هاوسەرێتی یاخود خزمایەتی تاوەکو پلە چوار یاخود ئەو کەسەی بە پێ ی یاسا خراوەتە پاڵ خێزانەکە، ئەنجام دەدرێت. ئەو توندوتیژییەی کە پێچەوانەی هەموو ئایینە ئاسمانیەکان وپرنسیپەکانی مافی مرۆڤی نێو رێککەوتننامە نێودەوڵەتیەکانە.

هەروەها ئەم یاسایە بۆ پاراستنی خێزان لە لەبەریەك هەڵوەشانەوە وبەرگرتن لە توندوتیژییە بەر لە ڕوودانی یاخود چارەسەر کردنی لە دوای ڕوودانی، هاتۆتە کایەوە.

**دووەم: بیرۆکە وشێوەکانی توندوتیژی خێزانی بەپێ ی یاسا:**

لە مادده یەکی ئەم یاسایە، توندوتیژی خێزانیی بەوە پێناسە کراوە کە بریتی یە لە (هەر کردارێك یان ووتەیەك یان هەڕەشەکردن پێیان، لە سەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی لە چوارچێوەی پەیوەندییە خێزانییەکانی بونیاتنراو لە سەر بنچینەی هاوسەرگیری وخزمایەتی تاکو پلە چوار وئەو کەسەی بە پێ ی یاسا خراوەتە پاڵ خێزان، بە جۆرێك زیانێکی جەستەیی یاخود سێکسی یاخود دەروونی بنێتەوە وداماڵینی ماف وئازادیەکان لەخۆوە بگرێت).

مەبەست لە خێزان بریتی یە لە: کۆمەڵە کەسێکی سروشتی کە پەیوەندییێکی هاوسەرگیری یاخود خزمایەتی تاکو پلە چوار دەیان بەستێتەوە، وهەر کەسێکیش بە پێ ی یاسا خرابێتە پاڵ خێزان.

مەبەست لە خزمایەتی تاکو پلە چوار بریتی یە لە:

**پلە یەك: (دایك، باوك، کوڕ، کچ) لە خۆوە دەگرێت.**

**پلە دوو: (خوشك، برا، کوڕی کوڕ، کچی کوڕ، باپیر، داپیر) لە خۆوە دەگرێت.**

**پلە سیٚ: (مام، پلك) لە خۆوە دەگرێت.**

**پلە چوار: (منالأنی مام) لە خۆوە دەگرێت.**

**بۆ پیادەکردنی ئەم یاسایە، مەرجە پەیوەندی نێوان کەسی تۆمەتبار وکەسی قوربانی لە سەر بنەمای هاوسەرگیری یاخود خزمایەتی تاکو پلە چوار بێت، یاخود هەر کەسێك بە پیٚ ی یاسا خرابێتە پالٚ خێزان.**

**سیٚ یەم: ئەو کردەوانەی کە بە پیٚ ی ئەم یاسایە بە توندوتیژی خێزانیی هەژمار دەکرێن لە گەلٚ مەرجەکانیان:**

**لە مادده دووی ئەم یاسایەدا هەندێك شێوەی ئەو کردەوانە خراونەتە ڕوو، ئەگەر ئەنجام بدرێن ئەوا بە توندوتیژی خێزانیی هەژمار دەکرێن، چ زیانی جەستەیی یاخود دەروونی یاخود سێکسی بنێتەوە. مەرجە تاوەکو کردارێك بە (توندوتیژی خێزانیی) هەژمار بکرێت، لە لایەن کەسێکەوە دژی یەکێکی تر ئەنجام بدرێت کە هەردووکیان پەیوەندی هاوسەرێتی یاخود خزمایەتی تاکو پلە چوار بیان بەستێتەوە وهەر کەسێك بەپیٚ ی یاسا خرابێتە پالٚ خێزان، بەدەر لەم حالٚەتە کردارەکە بە توندوتیژی خێزانی هەژمار ناکرێت. ئەم کردارانەش یاسا ئەنجامدانیانی قەدەغە کردووە وسزایەی دیاری کراویشی بە سەر کەسی ئەنجامدەر سەپاندووە. کە بریتین لەم چەند شێوەیەی خوارەوە کە ئەم یاسایە لەخۆی گرتوون:**

1- بـەزۆر بەشـوودان: نابێـت كـەس ناچـار بكرێـت شـوو بـە كەسـێكی تـر بكـات لـە سـەر بنـەمای ئـەوەی كـەوا هاوسـەرگیری لـە سـەر ڕەزامەندی وئازادی هەڵبژاردن بونیاتنراوە، هەر تاكە كەسێك كەسێكی تـر لـە نێـو بازنـەی خێزانـدا ناچار بـە شـووكردن بكـات، ئـەوا بـە ئەنجامـدەری تاوانێك لە تاوانەكانی توندوتیژی خێزانیی هەژمار دەكرێت وسـزا دەدرێـت. سـەرباری پوچـەڵ بـوونی گرێبەسـتی هاوسـەرگیرییەكە، ئەگـەر پیاوەكـە نەچووبێتە لای هاوسەرەكەی، ئەگەر چووبێتە لاشی ئـەوا گرێبەسـتەكە بـە ڕاوەسـتاو لـە سـەر مۆڵـەتی ئـەو كەسـەی زۆری لێكـراوە هـەژمار دەكرێـت، ئەویش بە پێ ی هەمواركردنی یاسای باری كەسێتی ساڵی 2008.

2- ژن بـەژنی وبەشـوودانی بـچووك: مەبەسـت لـە ژن بـەژنی ئەوەیـە كـە هـەردوو گـەورەی كـار بەدەسـتی خێـزان مـەرج بكـەن ئـەوەی بەرامبەر مارە بكات، بۆیە یەكێكیان بەوەی تـر دەڵێـت: لـێم مـارە بكـە لێـت مارە دەكەم، بۆ نموونە دەڵێت: كچەكەتم لـێ مـارە بكـە، كچەكەم لێـت مـارە دەكەم، یاخود بڵێت: خۆشكتم لێ مـارە بكـە، خوشكەكەم لێـت مـارە دەكـەم، بـەم چەشـنە. یاسـا ئـەم جـۆرە هاوسـەرگیرییەی قەدەغـە كـردووە وبـە توندوتیژی خێزانیـی هـەژمار كـردووە. هـەروەها یاسـا بەشـوودانی بـچووكی قەدەغـە كـردووە وهەڵـسان بـەم كردارەشـی بـە یـەكێك لـە حاڵەتـەكانی توندوتیژی خێزانیی هەژمار كردووە كە ئەم یاسایە سزای بۆ داناوە.

3- بەشوودان لەبری خوێن: بریتی یە لە حاڵەتی بەشـوودانی ئافرەتێك بە پیاوێـك بـەبێ ڕەزامەنـدی، بـەڵكو زۆرەملـێ ی لێكـراوە تـاوەكو ببێتە بەرامبەرێك یاخود بەدیلێك بـۆ بنـبڕ كردنـی دوژمنایـەتی نێـوان دوو بنەماڵە. بۆیە لە بڕی پێدانی پارەی خـوێن، هەڵدەسـتن بـە سـولح كـردن لـە ڕێگەی بەشوودانی یەكێك لە ئافرەتەكانی ئەو عەشیرەتە یـاخود بنەماڵەیـە بە پیاوێكی بنەماڵەكەی تری خاوەن مافی تۆڵە. ئەم كردارەش بە یەكێك لە

کردارەکانی توندوتیژی خێزانیی قەدەغە کراو بە پێ ی ئەم یاسایە هەژمار کراوە کە بکەرەکەی سزا دەدرێت.

4- بەزۆر تەلاْقدان: بریتی یە لە حاڵەتی بەزۆر ڕازی کردنی پیاو یاخود ژن لە سەر تەلاْقدانی نێوانیان لە ژێر پاڵەپەستۆی تاکەکانی خێزان بەهۆی کێشەی دیاری کراو یاخود بە پاڵنەری تۆڵە سەندنەوە یاخود بۆ دەستەبەر کردنی مەرامێکی دیاری کراو. بکەرەکانی دوای ئەم جۆرە تەلاْقدانەش سزا دەدرێن وبە پێ ی ئەم یاسایە بە شێوەیەك لە شێوەکانی توندوتیژی خێزانیی هەژمار کراوە.

5- پچڕاندنی پەیوەندی خزمایەتی: بریتی یە لە حاڵەتی هەڵسانی کەسێك بە هامشۆ نەکردن وسەردان نەکردنی خزم وکەسوکارەکانی بە مەبەستی بچڕاندنی پەیوەندی خزمایەتی لە گەڵ تاك وبنەماڵە وخزمە نزیکەکانی. یاساش ئەم جۆرە کردارانەش بە کردەوەی توندوتیژی خێزانیی قەدەغەکراوی هەژمار کردووە کە یاسای بکەرەکەی سزا دەدات.

6- ناچارکردنی ژن لە لایەن پیاوەکەیەوە بۆ ئەنجامدانی کاری لەشفرۆشی وبەپیشە کردنی داوێن پیسی: هەر کەسێك هەڵبستێت بە ناچارکردنی هاوسەرەکەی بۆ ئەنجامدانی کاری سێکسی ناڕەوا لە گەڵ کەسانی تر، لە ڕێگەی لەشفرۆشی وکاری داوێن پیسی، ئەوا یاسادانەر بە ئەنجامدەری توندوتیژی خێزانیی هەژمار کردووە کە بەێ ی یاسا تاوانە وسزای بۆ دیاری کراوە.

7- خەتەنە کردنی مێینە: خەتەنە کردنی مێینە دەست درێژیە بۆ سەر مافی ئافرەت لە سەلامەتی جەستەیی ودەروونی وسێکسیدا، بۆیە یاسادانەر کارێکی باشی کردووە بە سزادانی ئەو کەسەی بەم جۆرە

کارانە هەڵدەستن وبە تاوانێکی سزادراوی هەژمار کردووە، ودەقی تایبەتی داناوە بۆ ڕێکخستنی سزای ئەم کردارە، ئەویش لە مادده شەشی یاسای ناوبراودا، بە جۆرێك خەتەنە کردنی مێینەی بە شێوەیەك لە شێوەکانی تاوانەکانی توندوتیژی خێزانیی هەژمار کردووە.

8- ناچار کردنی تاکەکانی خێزان لە سەر بەجێهێشتنی فەرمانبەرایەتی یان کارکردن بە پێچەوانەی خواستیان: هەر کەسێك تاکێك لە تاکەکانی خێزانەکەی ناچار بکات فەرمانبەرایەتی یاخود کارەکەی بەبێ ویستی خۆی بەجێ بهێڵێت، ئەم یاسایە بە ئەنجامدەری کردارێك لە کردارەکانی توندوتیژی خێزانیی قەدەغەکراو سزادراو لەم یاسایە هەژمار کردووە.

9- ناچارکردنی منالآن لە سەر کارکردن ودەرۆزە کردن ووازهێنان لە خوێندن: هەر کەسێك منالێکی ناو خێزانەکەی ناچار بکات بە هەڵسان بەکارێك یاخود دەرۆزە کردن یاخود وازهێنان لە خوێندن، ئەم یاسایە بە ئەنجامدەری کردارێك هەژماری کردووە کە بە پێ ی یاسا قەدەغەیە وبە کردارێکی توندوتیژی خێزانیی سزادراو لەم یاسایە هەژمار کراوە.

10- خۆکوشتن لە دەرئەنجامی توندوتیژی خێزانیی: هەر کەسێك هەڵبستێت بە پیادەکردنی هەر چەشنێك لە توندوتیژی لە ناو تاکەکانی خێزانەکەیدا کە پەیوەندی خزمایەتی دەیان بەستێتەوە، وببێتە هۆی هەڵسانی کەسی قوربانیی بە خۆکوشتن، ئەوا ئەم کەسە بە ئەنجامدەری کردەوەیەکی تاوانکار وقەدەغەکراو وسزادراو بە پێ ی ئەم یاسایە، وەك شێوەیەك لە شێوەکانی توندوتیژی خێزانیی هەژمار کراوە.

11- منـدالْ لـەباربردن لـە دەرئـەنجامی توندوتیـژی خێزانیـی: منداڵ لەباربردن بریتی یە لە حاڵەتی مردنی کۆرپەلە لە ناو سکی دایکیـدا یاخود لەباربردنی پێش کاتی لەدایك بوونی سروشتی ئـەو کۆرپەلەیـە، ئـەم یاسـایەش ئــەو منــاڵ لەباربردنــەی کــە دەبێتــە دەرئــەنجامی توندوتیــژی خێزانیـی لـە سـەر ئـافرەتی سـکپر، بـە تـاوانێکی سـزادراوی ئـەم یاسـایەی هەژمار کردووە.

12- لێدانی تاکـەکانی خێـزان ومنـاڵان بـە هـەر بیانوێـك: هـەر کەسێك هەڵبستێت بە لێدانی یـەکێك لـە تاکـەکانی خێـزان ومنـاڵان لـە بـەر هـەر هۆیــەك بێــت، ئــەم یاســایە بــە تاوانێــك لــە تاوانــەکانی توندوتیــژی خێزانیی هەژمار کردووە کە بە پێ ی یاسـا سـزادراوە، ئـەویش بەمەبەسـتی پاراســتنی تاکــەکانی خێــزان ومنــاڵان بــە تایبــەتی لــە ئەزیــەت وئــازاری جەستەیی ودەروونی کە لە ئەنجامی لێدان تووشی دەبن.

13- ڕیسوا کردن وجنێو وسوکایەتی پێکردنی خـزم وکەسـوکار وبەکەم تەماشە کردنی ژن وئەزیەت دان وخستنە سـەری گوشـاری دەروونـی وپێشێل کردنی مافەکانی وبـەزۆر سـەرجێکردنی هاوسـەرێتی، زۆربـەی ئـەم حاڵەتانەی سەرەوە دەکەونە ژێر جۆری توندوتیژی دەروونی دژ بە ئافرەت، ئەم کردارانەش لە ڕووی یاساوە قەدەغە کراون وبە شێوەیەك لـە شـێوەکانی توندوتیــژی خێزانیــی ســزادراو هــەژمار کــراون. هــەموو ئــەو کــردارە باسـکراوانەی سـەرەوە بـە نموونـە باسـکراون نـەك بـە کـۆگیری، واتـا هـەر کردارێکی تر، سەرباری ئەو کردارانەی لە سەرەوە باسمان کردن، ببێتە هۆی گەیاندنی ئەزیەت بە ئافرەت، وبەو چەشنەی کە لـە مـاددە یـەك دا هـاتووە، لـە چوارچـێوەی خێزانــەوە بێـت، ئـەوا بـە توندوتیـژی خێزانیـی هـەژمار دەکرێت وبە پێ ی ئەم یاسایە سزای بۆ دانراوە.

**چوارەم: ئەو ڕێکارانەی پێویستە بگرترێنەبەر لە کاتی ڕوودانی تاوانەکانی توندوتیژی خێزانیی:**

**کۆمەڵێك ڕێکار هەن کە لە کاتی ڕوودانی هەر تاوانێك لە تاوانەکانی توندوتیژی خێزانیی پێویستە بگرترێنەبەر، کە ئەم یاسایە لە ماددەکانی (2، 3، 4، 5، 6، 7، 8) باسی کردوون، وبریتین لەم هەنگاوانەی خوارەوە:**

1- **لە لایەن کەسی زیانلێکەوتوو یاخود ئەوەی لە ڕووی یاساوە نوێنەرایەتی دەکات، داوا بەرز دەکرێتەوە لە ڕێگەی هەواڵدانێك کە پێشکەشی دادگا یاخود لێکۆڵەر یاخود بەرپرسی بنکەی پۆلیس یاخود داواکاری گشتی دەکرێت.**

2- **ڕێکارەکانی لێکۆڵینەوە ودادگاییکردن لەم تاوانانە لەبەردەم دادگایەکی تایبەتمەندکار بە کێسەکانی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانیی ئەنجام دەدرێت، هەموو ڕێکارەکانی بەردەم ئەم دادگایەش نهێنی دەبێت بۆ پاراستنی بنەماڵە وخێزان.**

3- **دادگای تایبەتمەندکار، بۆ پاراستنی کەسی قوربانی لە کاتی پێویست یاخود لە سەر داواکاری هەر تاکێك لە تاکەکانی خێزان یاخود ئەوەی نوێنەرایەتیان دەکات، فرمانێك دەردەکات وەك ڕێکارێکی کاتی بۆ پاراستنی قوربانیانی توندوتیژی خێزانیی، بە مەرجێك ئەم فرمانە ماوەی پاراستنەکە لەخۆوە بگرێت، دادگاش بۆی هەیە ئەم ماوەیە لە کاتی پێویست درێژ بکاتەوە.**

**ئەم فرمانەش ئەم شتانەی خوارەوە لەخۆ دەگرێت:**

أ- **بەڵێنامەیەك لە کەسی سکاڵا لێکراو کەوا نزیکی کەسی زیان لێکەوتوو یاخود هەر تاکێك لە تاکەکانی خێزان نەکەوێتەوە.**

ب- گواستنەوەی کەسی قوربانی لە کاتی پێویست یاخود لە سەر داوای کەسی قوربانی، بۆ نزیکترین نەخۆشخانە یاخود بنکەی تەندروستی بۆ چارەسەریی.

ج- بە بڕیاری دادگا، وبۆ ئەو ماوەیەی کە بە پێویستی دەزانێت، ڕێگە نادرێت کەسی سکالا لێکراو بچێتە ناو مەنزلگەی خێزانیی ئەویش لە حاڵەتی مەترسیدار بوونی کەسی سکالا لێکراو یاخود هەر تاکێك لە تاکەکانی خێزان.

4- لە حاڵەتی سەرپێچی کردنی فرمانی پاراستنی دەرکراو لە لایەن دادگای تایبەتمەندەوە ئەوا کەسی سەرپێچیکار بە بەندکردن یاخود بژێرێك کە لە سێ سەد هەزار دینار کەمتر نەبێت، سزا دەدرێت.

5- پێویستە لە سەر دادگای تایبەتمەند لایەنەکانی سکالا ڕەوانەی لێژنەیەك بکات کە لە چەند شارەزا وپسپۆڕێك پێك دەهێنرێت بۆ چاکسازی نیوانی هەردوو لایەن پێش ڕەوانەکردنی کێسەکە بۆ دادگای تایبەتمەند ئەویش لەو کێسانەی کە دەشێ سولحیان تیا بکرێت کە لە مادده (3)ی یاسای بنەچەکانی دادگاییکردنە تاوانکارییەکاندا دەقی لە سەر کراوە، جگە لەم تاوانانە، لایەنی تاوانەکانی تری توندوتیژی خێزانیی ڕەوانەی لێژنەی چاکسازی نێوان نەیاران، ناکرێت بەڵکو دادگا راستەوخۆ سەیری داوایەکە دەکات.

6- لە حاڵەتێك ئەگەر لە لایەن دادگاوە ئەو کردەوەی ڕوویداوە بە شێوەیەك لە شێوەکانی توندوتیژی خێزانیی بە پێ ی مەرجەکانی نێو ئەم یاسایە هەژمار کرا، ئەوا بکەرەکەی سزا

دەدرێت. سزایەکەش لە هەردوو ماددەی (6، 7)ی ئەم یاسایەدا بە سزای بەند کردن بۆ ماوەیەك لە شەش مانگ کەمتر ولە سێ ساڵیش زیاتر نەبێت وبژێرێك کە لە یەك ملیۆن دینار کەمتر ولە پێنج ملیۆن دیناریش زیاتر نەبێت یاخود بە یەکێك لەم دوو سزایە، دیاری کراوە، لە گەڵ بەجێ هێنانی هەر سزایەکی توندتر کە لە یاسا بەرکارەکانی هەرێمدا دەقی لە سەر کراوە. هەروەها بۆمان دەردەکەوێت یاسادانەر دەقێکی تایبەتی دەربارەی سزای خەتەنەکردنی مێینە دیاری کردووە، کە بە پێ ی ماددە شەشی ئەم یاسایە لە هەندێك حاڵەتی دیاری کراودا سزایەکەی توندتر کردووە.

# هێلکارییێکی روونکەرەوە بۆ ئەو ڕێکارانەی پێویستە بگرترێنەبەر لە کاتی ڕوودانی حاڵەتی توندوتیژی خێزانیی

**داوای توندوتیژی خێزانیی**

**ڕێکارەکان**

↓

**هەواڵدانێك لە لایەن کەسی زیان لێکەوتوو یاخود ئەوەی لە ڕووی یاساوە جێ ی دەگرێتەوە، پێشکەشی دادگا یاخود لێکۆلەر یاخود بەرپرسی بنکەی پۆلیس یاخود داواکاری گشتی یاخود دادگای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانیی دەکرێت**

↓

**ڕێکارەکانی داوا لەبەردەم ئەم دادگایەدا نهێنیە، ودادگا لە سەر داواکاری تاکێك لە تاکەکانی خێزان یاخود لە کاتی پێویست، بۆی هەیە فرمانێك دەربکات بۆ پاراستنی کەسی قوربانی**

↓

**دادگای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی لایەنەکای داوا ڕەوانەی لێژنەی چاکسازی دەکات بۆ چاککردنەوەی نێوانیان لەو کێسانەی کە دەشێ سولحیان لە سەر بکرێت، ولە باقی کێسەکانی تریش داواکە ڕەوانەی دادگای تایبەتمەند دەکرێت بۆ سەیر کردنی**

**پێنجەم: باری کەسێتیی ناموسوڵمانان:**

یاسای باری کەسێتی ساڵی 1959، کە لەمەو پێش خستمانە ڕوو وباسمان کرد، تەنها لە سەر موسوڵمانان پیادە دەکرێت، ودادگای باری کەسێتی تایبەتمەند دەبێت بە سەیر کردنی کێسەکانی، بەلاّم سەبارەت بە غەیرە موسوڵمان ئەوا ئەم یاسایە لە سەریان پیادە ناکرێت بەڵکو ملکەچی حوکمی تایبەت ودادگای تر دەبن.

پرسەکانی باری کەسێتیی غەیرە موسوڵمان پێ ی دەووترێت باری کەسێتی، باری کەسێتیش پرسەکانی هاوسەرگیری وتەلاّقدان ووەسیەت کردن وبۆنە خێزانییەکان ووەلانان ومیرات وبەخشین ووەقف کردن وپرسەکانی تری باری کەسێتی لە خۆوە دەگرێت.

مادده (33)ی یاسای دادبینییە مەدەنیەکان ڕوونی کردۆتەوە کەوا تایبەتمەندی سەیر کردنی بابەتەکانی باری کەسێتی غەیرە موسوڵمان وئەو کەسە بیانییانەی کە لە باری کەسێتی یاسای مەدەنیان لە سەر پیادە دەکرێت، بۆ دادگای بەرایی دەگەرێتەوە. کەواتە بە پێ ی یاسا دادگای بەرایی سەیری باری کەسێتی کەسانی غەیرە موسوڵمان دەکات.

بەلاّم ئەوەی لە هەرێمی کوردستان پیادە کراوە ئەوەیە کە لە کاتی بوونی دادگای مەوادی کەسێتی ئەوا ئەم دادگایە سەیری باری کەسێتیی ناموسوڵمانان دەکات، وە لە کاتی نەبوونی ئەم دادگایە ئەوا دادگای بەرایی سەیری باری کەسێتیان دەکات.

## ئەو یاسایەی پێویستە پیادە بکرێت:

بەیاننامـەی دادگاکـانی دەرکـراو لـە سـاڵی 1917 بـە یاسـای ڕێکخـەری بـاری کەسێتیی ناموسوڵمانان هەژمار دەکرێت. هـەروەها لـە مـاددە (18)ی یاسـای پێکهێنـانی دادگاکـانی ژمـارە (23)ی سـاڵی 1945دا هـاتووە کـەوا هەنـدێك ماددەکـانی بەیاننامـەی دادگاکانی ساڵی 1917، کە بریتینە لە ماددەکانی (3، 4، 5، 6، 7 "بڕگە یـەك ودوو"، 9، 10، 23) هەڵوەشێندراونەتەوە، لە بەرامبەردا ماددەکانی تری ئەم یاسایە وەك خۆی بە بەرکاری ماونەتەوە بە مەرجێك دژ بە دەقی یاساکانی تـر نـەبێت کـە لـە دوای ئـەودا هاتوون، وەك یاسای دادبینییە مەدەنیەکانی سـاڵی 1969 ویاسـای ڕێکخستنی دادگـەریی ساڵی 1979.

لـە هـەرێمی کوردسـتان وعێـراق بـە گـشتی، یاسـایەکی تایبـەت نیـە کـەوا بـاری کەسێتی غەیرە موسوڵمان ڕێکبخات، بۆیە ئەوەی بە پێ ی بەیاننامـەی دادگاکـانی ژمـارە (6)ی ساڵی 1917 پیادە دەکرێت بریتی یە لە یاسای کەسێتی ڕۆڵەکانی تائیفە (لە سەر بنەمای تائیفەگەری)، واتە شەریعەتی تایبەت بە ڕۆڵەکانی تائیفە، کە بـریتین لـە دەقـی ئاینیی وڕێساکانی ئاینیی ڕۆڵەکانی تائیفە. لە کاتێکیش ئەگەر چارەسەری لە شەریعەتی تایبەتدا نەبوو، ئەوا پـەنا دەبردرێتـە بـەر داب، کـە بریتـی یـە لـەو ڕێـسایانەی کـەوا لـە ڕێگـەی دووبـارە بوونـەوەی پابەنـد بـوون پێیانـەوە لـە لایـەن ئـەم تائیفەیـە لـە مامەڵەکانیاندا، وەك ڕێسایەکەی پابەندکار بۆ ڕۆڵەکانی تائیفـەی ئـایینی، لـە پرسـەکانی باری کەسێتی دروست بووە.

سەبارەت بە مافەکانی ئافرەتی ناموسوڵمان لە هەرێمی کوردستان، کە تایبەت بن بە باری کەسێتی ئەو ئافرەتە، وەك هاوسەرگیری وتەلاقدان وخەرجی ومیرات ودایینگەیی وپرسـەکانی تـری بـاری کەسـێتی، ئـەوا مافـەکانی ئـەم ئافرەتـە پـشت دەبەسـتێت بـەو مافانـەی کـەوا ئایینـەکان یـاخود تائیفـەکان، کـە ئـەم ئافرەتـە ئەندامێکـە لێیـان، پێیـان بەخشیوە، بە بێ پشت بەستن بە یاسـایەکی دیـاری کـراو ئـەویش لـە بـەر نـەبوونی ئـەم جۆرە یاسایە.

# سەرچاوەکان


1- دەستوری عێراقی هەمیشەیی ساڵی 2005.

2- حوکم ومـاددەی یاسـایی وبڕیارەکـانی پەیوەسـت بـە بـاری کەسـێتی بـەرکار لـە هـەرێمی کوردسـتانی عێـراق، ئامـادەکردنی دادوەر عـەونی بـەزاز، چـاپی دووەم، 2011.

3- یاسـای بەرەنگاربوونـەوەی توندوتیـژی خێزانیـی لـە هـەرێمی کوردسـتان ژمـارە (8)ی ساڵی 2011.

4- کۆمەڵەی یاسا وبڕیارە دەرکراوەکانی ئەنجومەنی نیشتیمانیی کوردستانی عێراق.

5- کۆنگرەی یەکەمی بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوونی توندوتیژی دژ بە ئافرەتـان لـە پارێزگای دهۆك، لە 2009/5/13 بەستراوە (کۆمەڵێك توێژینەوە).

6- کۆنگرەی نێودەوڵەتی دووەمی بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوونی توندوتیـژی دژ بـە ئافرەتـان لـە پارێزگـای دهـۆك، لـە 20-2011/11/21 بەسـتراوە (کۆمـەڵێك توێژینەوە).

**7-** أحكـام الـزواج والطـلاق في الفقـه الاسـلامي المقـارن، د. مـصطفى ابـراهيم الزلـمي، أربيل، 2011.

**8-** الـوجيز في شـرح مـواد الأحـوال الشخـصية لغـير المـسلمين في القـانون العراقـي – القاضي بشار أحمد الجبوري، 2009.